# نەوژین

ژمارە (٨) یەکشەممە ٢٠١٧/٧/١٦

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات





ژنە
پێشمەرگەیەکی
شاعیر..
7««

# هۆکاری زۆرینەی سکاڵاکانی توندوتیژی ئەمساڵی گەرمیان ئابورییە

■ نەوژین

**بەرپرسێکی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لەگەرمیان ئاماژە بەوە دەکات کە لایەنی ئابوریی، هۆکاری زۆرێک لەحاڵەتەکانی سکاڵا و توندوتیژییە خێزانیەکانن.**

ملازم (عادل حەمەساڵەح)، لێپرسراوی هۆبەی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ناحیەی رزگاری سەر بە کەلار، لەمیانەی دیدارێکی رۆژنامەی (نەوژین) دا، ئاماژە بەوەدەکات کە لەنێو ئەو هۆکارانەی لە کەیسەکانی توندوتیژی و سکاڵای کێشە خێزانیەکانی ئەمساڵ تێبینییان کردوە، لایەنی ئابوری دیارترین هۆکارە.
وتیشی: «کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکی سکاڵا و توندوتیژیەکانن، بەتایبەت کێشەی ئابوری، لەمساڵدا دروستبون و قوڵبونەوەی قەیرانی دارایی زیاتر هۆکاری سکاڵاکان بوە.»
ئاماژەی بەوەشکردوە ئەمساڵ تائێستا نزیکەی ٣٦ سکاڵای توندوتیژی و کێشەی خێزانییان لەلا تۆمار کراوە.
پێشتریش بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەگەرمیان، لەمیعە محەمەد، ئەوەی بە رۆژنامەی (نەوژین) وتبو، کە قەیرانی دارایی و لێکەوتەکانی، رۆڵی هەبوە لە پەرەسەندنی کێشە خێزانیەکان و توندوتیژییەکان.
هاوکات بەرێوەبەری نوسینگەی کفری بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان ئاماژەی بەوەکرد، لە شەش مانگی یەکەمی سەرەتای ئەمساڵ، بەبەراورد بە شەش مانگی یەکەمی ساڵی رابردو، رێژەی تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن ژنانەوە روی لە زیادبون کردوە، هەرچەندە توندوتیژییە قورسەکانی وەکو کوشتن و سوتان کەمیکردوە.



تابلۆیەکی شێوەکار (یوسرا عەلی) بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان



بۆچی ژنان سەربەهەوێ شو دەکەن؟

3««




بەڕێوەبەرە ژنەکەی کارەبای کفری: ژن نابێت ترس لە ناخی دا هەبێت

6««


# «زیاتر لە ٦ هەزار ژنی شۆفێر لەگەرمیان هەیەو سەدیان لەسەر شەقام نین»

■ نەوژین

**بەپێی ئامارەکانی هاتوچۆی گەرمیان، تائێستا زیاتر لە ٦ هەزار ژن لە سنورەکەدا، مۆڵەتی شۆفێرییان وەرگرتوە، رۆژنامەنوسێکیش ئاماژە بەوەدەکات رێژەی شۆفێری ژن بەراورد بەو ژنانەی مۆڵەتی شۆفێریان هەیە، زۆر کەمە.**

لە ئامارێکی بەشی مۆڵەتی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیان کەوێنەی لای (نەوژین)ە، هاتوە: «لە ماوەی شەش مانگی سەرەتای ئەمساڵدا ٩٧ ژن بون بە خاوەنی مۆڵەتی شۆفێری، لەو رێژەیەدا ٩٤ ئافرەت مۆڵەتی شۆفێری لە جۆری تایبەتیان وەرگرتوە و تەنها (٣) سێ ژن بونەتە خاوەنی مۆڵەتی گشتی».
ئامارەکە ئەوەی رونکردوەتەوە، لە سەرەتای دروستبونی بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ئیدارەی گەرمیانەوە تاکو سەرەتای مانگی تەموزی ٢٠١٧، (٦٤٩٠) ژن مۆڵەتی شۆفێریان وەرگرتوە لە جۆری تایبەت، هاوکات (٧٢) ژنیش مۆڵەتی گشتییان وەرگرتوە.
لایخۆشیەوە رۆژنامەنوس (پەیمان ئەمین)، رەخنە لەوەدەگرێت کە راستە ژمارەی ئەو ژنانەی لەگەرمیان مۆڵەتی شۆفێرییان هەیە زۆرن، بەڵام ژمارەی شۆفێری ژن زۆر کەمە.
لەوبارەوە دەڵێت: «ئەگەرچی ٦٤٩٠ ژن لەگەرمیان مۆڵەتی شوفیریان هەیە، بەڵام ٩٠ دانەیان رۆژانە نابینرێت لەسەر جادە ئۆتۆمبیل لێبخوڕن».





# لەگەرمیان رێژەی لەدایکبونی منداڵی کوڕ زیاترە لە کچ

■ نەوژین

**رێژەی لەدایکبونی منداڵ لە رەگەزی نێر لەماوەی ٤ ساڵی رابردودا لەگەرمیان زیاترە بەراورد بە رەگەزی مێ، ئەمەش مەترسی لاسەنگبونی رەگەزی لەناوچەکە دێنێتەکایەوە.**

بەپێی ئەو ئامارانەی کە (نەوژین) لەرێگەی تەندروستی گەرمیانەوە بەدەستی کەوتوە، لەسنوری گەرمیان داو لەماوەی ٤ ساڵی رابردودا، رێژەی لەدایکبونی منداڵان لە رەگەزی نێر زیاترە لە مێ، ئەمەش رەنگە بۆ ئایندەو لەروی هاوسەنگیی رەگەزییەوە، کێشە بۆ کۆمەڵگا دروست بکات.
بەپێی ئامارەکان، لەماوەی ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٦، ٢٥٩٠٥ منداڵ لەهەردو رەگەز لەدایکبون، لەو رێژەیە ١٣٤٣٣ منداڵ لەرەگەزی نێر و ١٢٤٧٢ منداڵ لە رەگەزی مێن، کە رەگەزی نێر زیاترە لەمێ بە ٩٦١ منداڵ.
هەربەپێی ئەو ئامارانە، لەو چوار ساڵەدا، جگە لە ساڵی ٢٠١٦، ئەو سێ ساڵەکەی دیکە رێژەی لەدایکبونی منداڵان لە رەگەزی نێر زیاتر بوە، ئەمەش ئەگەری مەترسی لە هاوسەنگیی رەگەزی بۆ داهاتو دێنێتە ئاراوە.
بەوتەی پزیشکێک کەنەیویست ئاماژە بەناوی بدرێت، زۆرینەی خێزانەکان ئارەزوی منداڵی نێر دەکەن کە ئەمەش بۆ باکگراوەندە کۆمەڵایەتییەکە دەگەڕێتەوە، هەربۆیە تەقەلاکانیان بۆ ئەوەیە منداڵی کوڕیان ببێت.
لەبارەی مەترسی لاسەنگبونی رەگەزی لەداهاتو دا، ئەو پزیشکە باسیلەوەکرد کە بێگومان لاسەنگیی رەگەزی بابەتێکی هەستیارە، لەئێستادا کێشەیەکی گەورەی بۆ وڵاتێکی وەکو (چین) دروستکردوە، بۆیە دەبێت لێرەش بەهەند وەربگیرێت.
سەرباری ئەوەش وتی: «بەوپێیەی رەگەزی نێر زیاتر لەمێ توشی روداوی جۆراوجۆردەبێتەوە کە مردنی لێدەکەوێتەوە، بۆیە رەنگە مەترسییەکی ئەوتۆ دروست نەکات».
ئاماژەی دا ئەو بیانویانەی پێشتر هەبون بۆ پەسەند دانی کوڕان بە کچان ئێستا لاواز بون، چونکە کچانیش وەکو کوڕان رۆڵیان هەیە لەکۆمەڵگا.



د. بەناز جەلیل: تەمەن رۆڵی هەیە لە شێوازی منداڵبونی دروستی ژنان

10««

# چیرۆکی ئەو ژنانەی هاوسەرەکانیان بەجێیان دێڵن و لێیان جیانابنەوە

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

**جیهان، کە ژنێکی دانیشتوی گەرمیانە، ماوەی دو ساڵە مێردەکەی خۆی و دو مناڵەکەی بەجێهێشتوە، بێ ئەوەی لەرێگەی یاساییەوە لێی جیاببێتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی لەروی بژێوییەوە هاوکاریەکی ئەوتۆیان ناکات. ئەو دەڵێت: «جگە لەوەی دەزانم مێردەکەم لەسلێمانییەو ژنێکی دیکەی هێناوە، ئیتر هیچ هەواڵێکی تری نازانم».**

چیرۆکی جیهان، یەکێکە لەو چەندین چیرۆکەی کە دەرخەری ئەو ژیانەن بەشێکی ژنان پێوەی گیرۆدەن، ئەوان بەهۆکاری جیاواز هاوسەرەکانیان لێیان دابڕاون و بەجێیان هێشتون، لەدۆخێکدا ماونەتەوە کەنەجیابونەتەوەو نە ئومێدی گەڕانەوەی مێردەکانیشیان هەیە.

ئەو ژنانە لەیەک کاتدا گیرۆدەی ئەوەن کەلەروی یاساییەوە ناتوانن مافێکی ئەوتۆ بەدەست بێنن، هەروەک لەروی ژیانیشەوە بون بە بار بەسەر خێزان و کەسوکاریانەوە، نیگەرانیشن لەوەی یاسا هیچیان بۆناکات.

جیهان، کە تەمەنی ٢٧ ساڵە، لە باسکردنی چیرۆکی خۆی بۆ (نەوژین)، بەنیگەرانیەوە وتی: «چەند جارێک بۆ ئەوەی لەمێردەکەم جیاببمەوە سەردانی دەزگا پیوەندیدارەکانم کردوە، بەڵام هیچم بۆ نەکراوە».

هەندێک لەو ژنانەی کە هاوژینەکانیان بەجێیان دەهێڵن، پەنا دەبەنە بەر ماڵی باوکیان، بەڵام کەمدەرامەتی و خراپی باری ئابوری ماڵەباوانیش وادەکات بەخێوکردنی منداڵەکانیان کارێکی قورس بێت.

لەوبارەوە (جیهان) وتی: «ماڵی باوکم باری ئابوریان باشنیەو لە ئەستۆ گرتن وبەخێوکردنی دو منداڵەکەم بۆ ئەوان زۆر قورسە، سەرباری ئەوەش نە مێردەکەم و نەکەسوکارەکەی هاوکاریم ناکەن».

وەردە، ژنێکی ترە کە مێردەکەی ژنی بەسەر هێناوەو بەجێیهێشتوە. بۆ (نەوژین) وتی: «دوای ئەوەی پیاوەکەم دەچێتە دەرەوەی وڵات، نزیکەی ٥ ساڵە هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ من و مناڵەکانم نەماوە، لە رێگەی دایکی مێردەکەمەوە سێ مانگ جارێک ٢٥٠ هەزار دینارمان بۆ ئەنێرێت».

وتیشی: «هەوڵی جیابونەوەم لەمێردەکەم داوە، مێردەکەم تەنها بە دەمی و لە رێگەی کەسوکارەکەیەوە هەواڵی جیابونەوەی بۆ ناردوم، دوای ئەوەی پەیوەندیم کردوە بە لایەنی پەیوەندیدارەوە بۆ بەڕەسمی کردنی جیابونەوەکە، بەڵام ئەوان داوای بەڵگەو پەڵپ و بیانوی زۆریان هەبوەو بەحوکمی ئەوەی مێردەکەشم هیچ ئاسان کاری بۆ نەکردوم، پاشەکشەم کردوە لەداواکەم».

خراپی باری ئابوریی و نەبونی موچەو کارێکی دیاریکراو، بوەتە هۆی ئەوەی زۆرینەی ئەو ژنانە بەناچاری مناڵەکانیان بەخێو بکەن. (وەردە) بەم جۆرە باس لەو قورساییە دەکات کەکەوتوەتە سەر ژیانی «هیچ ژنێک ناتوانێت لەم رۆژگارە ئەرکی بەخێوکردنی مناڵ لە غیابی مێرد و نەبونی سەرچاوەی داریی لەئەستۆ بگرێت، ناچار نەبم نەخێر ناتوانم».

باسیلەوەش کرد «بۆ پەیداکردنی بژێوی مناڵەکانم کرێکاری ماڵانیشم کردوە».

لەڕوی یاساییەوە دوای ئەوەی مێرد ژنەکەی بەجێ ئەهێڵێت، ژن دەتوانێت دوای ساڵێک لە مێردەکەی جیاببێتەوە، بەومەرجەی دەستبەرداری بەشێک لەمافە داراییەکانی بێت.

بۆ رونکردنەوەی تەواو لەسەر ئەم بابەتە، پارێزەر (نەشاد عومەر) بۆ (نەوژین) دوا «لە شەرع و لە یاسادا پیاو بۆی هەیە بە گوێگرتنی دو شایەت ژنەکەی خۆت تەڵاق بدات، بەڵام ئەو مافە ژن نیەتی، واتە ژن ناتوانێت پیاو تەڵاق بدات، بەڵام وەکو مەرجێکی رەوا یاسا و شەرع رێگری لەوە ناکەن کە مەرجی بەدەستبونی تەڵاق لە لایەن ژنەوە دابنرێت لە گرێبەستی هاوسەری، واتە ژن و پیاو لە (عقد زواج) دەتوانن ئەو خاڵە بنوسن کە تەڵاقیش بەدەست ژن بێت».

وتیشی: «بە پێی یاسای باری کەسێتی بەرکار لە هەرێم، دوای ئەوەی پیاو ژنەکەی بۆ ساڵێک بەجێهێشت، ژن دەتوانیت لە دادگا داوای جیابونەوە بکات، بەڵام لێرەدا ئەو مافانەی ژن بەدەستی دەهێنێت بە قەدەر ئەوە نیە کە لە ئەنجامی تەڵاق بە دەستی بێنێت».

بەهۆی رۆتینی دادگاوە، زۆرجار ژنان بێئومێد دەبن لەوەی یاسا مافیان بۆ بسێنێت، بەڵام بەپێچەوانەوە هەندێکی دیکەیان کۆڵیان نەداوەو مافی خۆیان بەدەستهێناوە.

شیرین، ژنێکی تەمەن تەمەن ١٨ ساڵە، یەکێکی دیکەیە لەو ژنانەی هاوژینەکەی بەجێی هێشتوە و ئێستاش لێی جیابوەتەوە. بەمجۆرە بۆ (نەوژین) دوا «من کە ماوەی ساڵێک بو لەگەڵ هاوژینەکەم دا بوم، بەڵام دواتر ئەو لەکاتی لێشاوی چونە دەرەوەی گەنجان دا ئەویش رۆشت بێئەوەی من ئاگادار بم».

شیرین، بە پێچەوانەی (وەردە)و (جیهان)ەوە توانیویەتی لە مێردەکەی جیاببێتەوە، لەبەرامبەر لەدەستدانی زۆرینەی مافەکانی دا. بەمجۆرە باسی کرد «دوای ئەوەی مێردەکەم چوە دەرەوەو منی بەجێهێشت منیش لەرێگەی دادگا و دەستبەرداربونم لە کۆمەڵێک ماف، توانیم جیا ببمەوە».

پەنا بردنە بەر خێزانی مێردەکەی، دورەپەرێزی و رەچاونەکردنی باری ئابوری ئەو ژنانە لەلایەن خێزانی مێردەکانیانەوە و یارمەتی نەدانیان، لە کێشە سەختەکانی ئەو ژنانەیە کە مێردەکانیان لەلایان نین و بەجێیان هێشتون.

وەردە، لەوبارەوە وتی: «لە چەندین رێگەوە هەوڵم داوە مێردەکەم یان کەسوکاری مێردەکەم رازیبکەم بۆ لە ئەستۆ گرتن و بە خێوکردنی مناڵەکانم، کەچی ئەوان بێبەزەییانە ئەڵێن مناڵەکانت پێ بەخێو ناکرێت بیان خەرە سەرشەقام».



# «شیروایی»، ئەو نەریتەی بەرەو کاڵبونەوە دەچێت

## توێژەرێک: شیربایی هەستی ئەوە لەلای کچان دروست دەدات کە فرۆشراون



■ نەوژین،
زریان محەمەد - جوانە جەلیل

**شیربایی «شیروایی» نەریتێکی کوردەوارییە و لە دێر زەمانەوە بونی هەبوە، کاتێک کچێک بە شو دەدرێت لە بەرامبەردا برێک پارە دەدرێت بە خێزانی کچەکە، ئەم نەریتە وەهالێکدەدرایەوە کە بەشێوەیەک لەشێوەکان بەکاڵاکردنی ژنانە، هەربۆیە سەرکۆنەیەکی زۆر کرا هەتا لەئێستا دا بەتەواوی کاڵ بوەتەوە.**

مەیاس کەریم، دانیشتوی گوندێکی سەر بە قەزای کەلارە کە زیاتر لە بیست ساڵە ژیانی هاوسەری پێک هێناوە، بەمشێوەیە باس لە چۆنیەتی هاوسەرگیری و شیربابییەکەی بۆ (نەوژین) دەکات و دەڵێت: «سەرەتای هاوسەرگیرییەکەم ژن بە ژن دەستی پێکرد، بەڵام دواتر براکەم پەشیمان بوە لەو کچەی بۆی دانرابو».

وتیشی: «ئەو پارەییەی کە وەک شیربایی بۆم دانرابو لە کاتی هاوسەرگیریەکەم دام بە براکەم بۆ هێنانی ژنێکی دیکە، بەڵام ئەو بۆی گەڕاندمەوە بە هۆی ئەوەی کە ئەو برە پارەیە هەق بە منە».

جیاواز لە خاتو مەیاس، (پەخشان عەلی) کە زیاتر لە چواردە ساڵە ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە بەشێک لەو شیربابییەی کە پێیدراوە بە ژن بۆ براکەی قسە بۆ (نەوژین) دەکات و دەڵێت: «ئەو برە پارەیەی کە وەکو شیربایی پێمدرا لەلایەن باوکمەوە کرا بە دوبەشەوە بەشێکی بۆ خۆم و بەشەکەیتری دا بە ژن بۆ براکەم».

وتیشی: «پێدانی ئەو برە پارەیە بۆ ژن هێنانی براکەم بە ئارەزوی خۆم نەبوە و باوکم بڕیاری لەسەردا، منیش نەمتوانی لە قسەی دەربچم».

لە روی ئاینیەوە وەک زانایەکی ئاینی ئاماژەی بۆکرد، بردنی پارەی شیربایی کچ لە لایەن باوکەوە یاخود بۆ هێنانی ژن بۆ برا بەکاربهێنرێت یان هەر هۆکارێکی دیکە نادروستە و بەهەمو شێوەیەک رەتی دەکەنەوە.

مەلا سەردار باشکی، پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی ئەبو بەکری سدیق لەکەلار، سەبارەت بە بردنی شیربایی کچان لەلایەن باوانەوە بەمجۆرە بۆ (نەوژین) قسەدەکات و دەڵێت: «ئافرەت لە ئاینی ئیسلامدا نرخ و بەهای خۆی هەیە کاتێک کە ئافرەتێک بەشو دەدرێت پێویستە لەلایەن ئەو کەسەوە هەق و مافی پێبدرێت کە شوی پێدەکات، ئەویش خۆی لە شیروایدا دەبینێتەوە کە لە ئێستادا کاڵبوەتەوە و بونی نەماوە».

وتیشی: «ئەو شیربابییەی کە دەدرێت بە کچان تەنانەت بۆ هاوژینی خۆشی حەرامە کە بیبات چ جا لەلایەن باوانەوە ببرێت، بۆیە بردنی ئەو برە پارەیە بە هەمو جۆرێک حەرامە و سزای توندی قیامەتی بۆ دانراوە».

ئاماژەی بەوەشکرد: «ئێمە وەکو مامۆستایانی ئاینی لە رابردودا چەندینجار لە وتارەکانماندا خەڵکمان وشیار کردوەتەوە، بەڵام خەڵکی ئەو وشیارکردنەوەیان بە هەند وەرنەدەگرت».

> شیربابییەکەم لەلایەن باوکمەوە درا بە ژن بۆ براکەم

لە روی یاساییەوە یاسایەک نیە تایبەت بێت بە شیربایی، ئەوەشی کە هەیە تەنها یۆ مارەییە چونکە شیربایی تەنها نەریتێکی کوردەوارییە و وەک دیاری بە کچی بەشو دراو دەدرێت.

پاریزەر (ئاریان عوسمان) قسە بۆ (نەوژین) دەکات و دەڵێت: «یاسایەک نیە تایبەت بێت بە شیربایی، تەنها یاسایەک هەیە ئەویش بۆ مارەییە».

وتیشی: «بە پێی ئەحکامەکانی مادەی (١٩) لە برگەی (٢) لە یاسای (١٥٥) ی ساڵی ١٩٥٩ ی هەموارکراوی یاسای باری کەسێتیدا هاتوە ئەم یاسایە تەنها بۆ مارەییە، بۆیە هیچ یاسایەک نیە بۆ شیربایی».

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە ژنان بە شتێکی ئاسایی دەزانن کە شیربابییەکەیان بدرێت بە ژن بۆ براکەیان.

باخان فەتاح، یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە شیربابییەکەی دراوە بە ژن بۆ براکەی، بۆ (نەوژین) قسە دەکات و دەڵێت: «من بە ئارەزوی خۆم ئەو برە پارەیەم دا بە براکەم تاوەکو ژنی پێبهێنیت، هەر بۆیە براکەم لە دوای ئەوەی کە ژنی هێنا و باری دارایی باش بو ئەو برە پارەیەی بۆ گەڕاندمەوە».

لە روی کۆمەڵایەتیشەوە، بردنی مافی هەر کچێک لە کاتی هاوسەرگیری لێکەوتەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا هێناوە .

توێژەری کۆمەڵایەتی (سادق ئەحمەد) بۆ (نەوژین) باس لەوە دەکات کە هەندێکجار کچ بەمهۆیەوە هەست بە ستەم دەکات و دەڵێت: «بێگومان بردنی شیربایی لەلایەنی باوانی کچانەوە کاریگەری دەرونی خراپ بەجێدەهێڵێت و ئەو کچەش هەمیشە لە بارێکی دەرونی قورسدا دەبێت، بۆیە هەست بەوە دەکات کە فرۆشراوە».

# قەیرانی دارایی کچانی گوندەکانی گەرمیان ناچار دەکات واز لەخوێندن بێنن



■ نەوژین،
ئاراس زۆراب – گوڵباخ حەسەن

**بەهۆی نەبونی خوێندنگای ئامادەیی لە گوندەکانی دەڤەری گەرمیان، بەشێکی زۆر لە خوێندکاران لە پرۆسەی خوێندن دابڕاون، زۆربەشیان ئەو خوێندکارە کچانەن کە توانای هاتوچۆکردنی شار و شارۆچکەکان نیە بۆ درێژەدان بەخوێندن.**

بەشێکی زۆری گوندەکانی گەرمیان و دەوروبەری، خوێندنگای بنەڕەتیان تێدایە کە لە پۆلی یەکەمەوە تا پۆلی سێیەمی بنەڕەتی دەگرێتەوە، بەڵام کەمن ژمارەی ئە گوندانەی کە خوێندنگای ئامادەییان تێدایە.

خوێندکارانی گوندنیشین دوای تەواو کردنی قۆناغی بنەڕەتی بۆ بەردەوامی دان بەخوێندن، ناچارن رو لە شاروشارۆچکەکان بکەن و بەم هۆیەشەوە بەشێک لەخوێندکاران بەتایبەت کچان لەخوێندن دادەبڕێن، ئەمەش بەهۆی گرفتی هاتوچۆکردن و دەستنەڕۆیی و هەندێکجاریش بەهۆی کلتوری کۆمەڵایەتییەوە.

رازە محەمەد ، کچەخوێندکارێکی گوندی (سەوزبڵاغ)ی سەربە قەزای خانەقینە و ماوەی دو ساڵە لەخوێندن دابڕاوە، بەهۆی نەبونی خوێندنگای ئامادەییەوە لەگوندەکەیان، بەڵام هێشتا خەون بە گەڕانەوە بۆ نێو هۆڵەکانی خوێندن دەبینێت.

رازە، بە (نەوژین)ی وت: «دەبوایە رۆژانە رێگەیەکی دورم ببڕیایە بۆ ئەوەی بەردەوام بومایە لەخوێندن، چونکە گوندەکان خوێندنگای ئامادەییان تێدا نیە، ئەمەش بۆ من قورس و ئەستەم بو.»

ئەو کچە تا پۆلی ١٠ ی ئامادەیی خوێندوە و دواتر و بەناچاری وازی لەخوێندن هێناوە، هێشتا شوێنەواری ئازارەکانی دور کەوتنەوە لە خوێندنگا بەروخساریەوە مابو.

رازە، باسیلەوەکرد دابڕانی لەخوێندن بوە هۆی بێ ئومێدبونی لەگەیشتن بە ئاواتەکانی.

وتی: «خەونم بەوەوە دەبینی بڕوانامەی ماستەر لەیاسا بەدەست بهێنم، بەڵام خەونەکەم لەباربرا.»

بەپێی وتەی بەرپرسانی پەروەردەیی، لەپاڵ وازهێنانی کچان دا لەخوێندن، بەشێکی زۆری کوڕانیش لە خوێندن دابڕاون بەڵام رێژەی وازهێنانی کچان زیاترە.

لە هەر (١٠٠) خوێندکاری دابڕاو لەخوێندن، (٧٠) خوێندکاریان کچن

بەوتەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، لە هەر (١٠٠) خوێندکاری دابڕاو لەخوێندن، (٧٠) خوێندکاریان کچن.

بەشێک لەو خوێندکارە کوڕانەی لەخوێندن دورکەوتونەتەوە بون بە چەکدار یان رۆژانە کار دەکەن، هەروەک بەشێکی تر لە کچانی دابڕاو لەخوێندنیش چونەتە ژیانی هاوسەریەوە.

محەمەد عەزیز (١٤ساڵ)، کە دەستنەڕۆیی ناچاری کردوە واز لەخوێندن بهێنێت و بەعەرەبانەکەی بەقاڵی بکات بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی.

محەمەد، دەڵێت: «وازم لەخوێندن هێنا بۆ ئیشکردن».

ئەو کە رەنگی هەڵبزرکابو، بەدەم هاوارکردن و بانگکردنی کڕیارانەوە، درێژەی بەقسەکانیداو رونیکردەوە ئەگەر رۆژێک کار نەکات بەخێزانەکەیەوە دیارە، چونکە تەنها ئەو کاریان بۆ دەکات و بژێویان بۆ پەیدا دەکات.

بەشێک لەو خوێندکارانەی لە خوێندن دابڕاون، پەیوەندی بە داخستنی خوێندنگاکانیان و توانا نەبونیانەوە هەبوە بۆ بەردەوامی دان بەپرۆسەی خوێندن، لەکاتێکدا زۆربەیان لەماڵەوەن و بێکارن.

بەبڕوای (م.ئارام محەمەد) ی یاریدەدەری بەڕێوەبەری ئامادەیی گردەگۆزینە، زۆربەی ئەو خوێندکارانەی واز لە خوێندن دەهێنن هۆکارەکەی خراپی باری داراییانە.

بۆ (نەوژین) وتی: «بەشێکی تری کچان بەهۆی ئەو کلتورەی کۆمەڵگا بەسەریدا سەپاندونی لە خوێندن دور دەکەونەوە، چونکە ماڵەوەیان رازی نابن لەجێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر بیاننێرن بۆ بەردەوامی دان بەخوێندن.»

بەپێی ئامارێک کەدەست (نەوژین) کەوتوە، تەنها لە کۆی ١٠ خوێندنگای سنوری گوند و ناحیەکانی سەربە ئیدارەی گەرمیان، ٩٣ خوێندکار لە خوێندن دابڕاون کە ٤٩ خوێندکاریان کچ و ٤٤ خوێندکارەکەی تریان کوڕن.

بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، نەیشاردەوە کە هۆکاری وازهێنانی بەشێک لەخوێندکاران لەخوێندن گرفتی هاتوچۆکردنە.

م. دارا ئەحمەد، بۆ (نەوژین) وتی: «گوندەکان تەنها خوێندنگای بنەڕەتیان تێدایە، بۆیە بەشێک لەخوێندکاران لەکاتی تەواو کردنی ئەو قۆناغەدا واز دەهێنن.»

وتیشی: «جگە لەم هۆکارانە، هۆکاری کۆمەڵایەتیش هەیە، زۆرجار دایکان و باوکان لەژینگەیەکی وا گەورەبون کە پێیان باش نیە مناڵە کچەکانیان بخوێنن.»

---

# بۆچی ژنان سەربەهەوێ شو دەکەن؟

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

**بەردەوام کەباس لە فرەژنی دەکرێت، پرسیارێک دەکرێت: کە فرەژنی خراپە، ژنان بۆچی پێی رازیی دەبن؟ ئەگەر خێزان دەشێوێنێت بۆچی ژنان بەشداری تێدا دەکەن، یاخود بەکورتیی: بۆچی ژنان سەربەهەوێ شو دەکەن؟**



رەنگە هۆکار و پاساو زۆربن بۆ ئەم حاڵەتە، بەڵام بۆ وەڵام دەستکەوتن لەمبارەوە، هیچ کەس بەقەدەر ئەو ژنانە کۆمەکمان ناکەن کە خۆیان سەربەهەوێ شویان کردوە، بۆ ئەوەی بنەمای کێشەکە تێبگەین.

سێوە، ژنێکی دانیشتوی گەرمیانە، شوی بە پیاوێک کردوە کە ژنی دیکەی هەبوە. بەمجۆرە بۆ (نەوژین) وتی: «بەهۆی ئەوەی ژن بە ژنم پێکراوە، من بەبێ ویستی خوم و لەبەر خاتری براکەم دراوم بەپیاوێک کەژنی تری هەبوە، لەکاتێکدا هیچ ئارەزوم لەو هاوسەرگیرییە نەبوە».

وتیشی: «من لەتەمەنی٣٠ ساڵی هاوسەرگیریم کردوەو خاوەنی پێنج منداڵم، لەو کاتەوەش مێردەکەم زۆر لەگەڵم خراپ بوەو ئیستاش لەبەر خاتری کوڕە گەورەکەی دەیەوێت تەڵاقم بدات».

ئەو ژنە باسلەوەدەکات کەسەرباری ئەوەش هاوسەرەکەی نەیتوانیوە دادپەروەر بێت لەنێوان ئەو و ژنەکەی دیکەی دا «ئێستا لەگەڵ منداڵەکانم لەخانوی خۆمان بەتەنها و بەبێ هاوسەرەکەم دەژیم، چەند ساڵێک ئەبێت هیچ سەردانی نەکردوین».

ئەگەر (سێوە) بەناچاری سەربەهەوێ شوی کردبێت، بەڵام چیرۆکەکە لەلای (نەسرین) کە ئەویش هەر سەربەهەوێ شوی کردوە، جیاوازە، بەڵکو ئەو

زۆرجار ئافرەت ناچار دەکرێت یان ناچار دەبێت سەربەهەوێ شو بکات

بەخواستی خۆی ئەو کارەی کردوە.

نەسرین، بۆ (نەوژین) وتی: «من لەگەڵ ئەو پیاوەی کە ئێستە هاوسەرمە پەیوەندی خۆشەویستیمان هەبو، ئەو پەیوەندییەش بوە هۆکار بۆ ئەوەی من شوی پێبکەم»

باسیلەوەشکرد «ئێستا لەگەڵ مێردەکەم و ژنی یەکەمی مێردەکەم دا دەژیم، هیچ کێشەیەکمان نیەو بگرە دڵخۆشیشین پێکەوە، چونکە لەسەر بنەمای رێز و خۆشەویستی ئەم هاوسەرگیرییە کراوە».

بەڵام ئایا هەست بەوەناکات مافی ژنێکی دیکەی پێشێل کردوەو چوەتە نێو خێزانێکەوە کە لەبنەڕەتەوە بەبێ ئەو دروست بوە؟

(نەسرین) وەڵامێکی ئەوتۆی پێنەبو جگە لە جەختکردنەوە لەوەی «ئێستا هەمومان خۆشحاڵین و کێشەمان نییە».

چیرۆکی ئەو ژنانەی سەربەهەوێ شویان کردوە، جیاوازن، هەروەک پاساو و هۆکارەکانیش جیاوازن.

ئەگەر (سێوە) بەناچاری سەربەهەوێ بەشودرابێت و (نەسرین) بەخواستی خۆی ئەوکارەی کردبێت، ئەوا (لەیلا) ش هەیە کە هۆکار و پاساوی تری هەیە بۆ ئەوەی هاوسەرەکەی لەگەڵ ژنێکی دیکەدا بەش بکات.

لەیلا، کەهاوشێوەی ئەو دو ژنەی دیکە سەربەهەوێ شوی کردوە، ئاماژەی بەوەکرد کەبەهۆی نەداریی خێزانەکەیانەوە، ناچار بوە سەربەهەوێ شو بکات.

وتی: «بەهۆی ئەوەی ماڵی باوکم باری دارییان باش نەبوە و دو خوشکی تریشم هەبوەو نەبونی سەرچاوەیەکی دارایی و کارنەکردنی باوکم، وایکرد شو بەپیاوێک بکەم کە ژنی هەبێت».

وەک ئەو ژنە هێمای بۆکرد، سەرباری ئەوانەش هەڵکشانی تەمەنی هۆکارێکی تر بوە بۆ ئەوەی سەربەهەوێ شو بکات.

وتی: «تەمەنم ٣٠ ساڵی تێپەڕاندبو بۆیە ئامادەبوم بەویستی خۆم ساڵێک پێش ئێستا هاوسەرگیری بکەم لەگەڵ پیاوێک کە ژنی تریشی هەیە، لەماوەی ئەمساڵیشدا هیچ کێشەیەکم لەگەڵ هاوسەرەکەم نەبوە».

(نەبونی رۆشنبیری لای ئافرەتان، زۆرلێکەری، کلتورو دابونەریت، هەندێکجار ئاین و خراپی باری ئابوریی)، لەم هۆکارانەن کەبەڕای توێژەرێک وا لە ژنان دەکەن سەربەهەوێ شو بکەن.

کاروزان فوئاد، توێژەری دەرونی، رونکردنەوەی زیاتری بۆ (نەوژین) دا «خراپی باری ئابوریی و نەبونی داهاتی سەربەخۆ و لاوازی ئاستی رۆشنبیریی و مەعریفی لای ئافرەتان، ئەمانە هۆکارێکی جیدی و سەرەکین بۆ ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە».

ئەو توێژەرە بەشێکی تر لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیەی گرێدایەوە بەو پێگەیەی کە ژن لە کۆمەڵدا هەیەتی و ئەو بە پلە دو هەژمارکردنەی کە بۆ ژنان هەیە.

وتی: «لە کۆمەڵگای کوردی دا و بەتایبەت لە خێزانە داخراوەکاندا، ئافرەت مافی بڕیاردانی نیە، بۆیە زۆرجار ناچار دەکرێت بەو پرۆسەیە»، هەروەک ئاماژەی بەوەشکرد «هەندێکجار هەژاریی و گەورەبونی تەمەن و بونی کۆمەڵێک منداڵی زۆر لەیەک خانەوادەدا، بوەتە هۆکار کە کچان پەنا بەرنە بەر شوکردن بە پیاوێک کەژنی دوەمی هەبێت».

کارزان، ئەوەشی وت: «ترس لەقەیرە بون، هۆکارێکی ترە کە کچان رو لەو پرۆسەیە بکەن».

# کچانی پەرستاری خۆبەخش فریای نەخۆشەکانی گەرمیان دەکەون

■ نەوژین، پەیام لەتیف

**ئەگەرچی کاری خۆبەخشی لەزۆر شوێنی جیهاندا بەربڵاوە، کەچی لەکوردستان و گەرمیان، سنوری ئەم کارانە دیارییکراوە، بەڵام ئەوەی مایەی خۆشحاڵییە کە ژمارەیەک کچە پەرستار، بەخۆبەخشی دەستیان بەکار کردوە، لەکەرتێک دا کە زیاد لەهەمو بوارەکانی تر، گرنگ و بەسودە بۆ هاوڵاتیان و نزیکە لە ژیانیانەوە.**

لەئێستاداو لە نەخۆشخانەکانی سنوری گەرمیان و بەتایبەت لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار، ژمارەیەک پەرستار لەرەگەزی مێ بەشێوەیەکی خۆبەخشانە دەستبەکار بون و رۆژانە خزمەت بەنەخۆش و هاوڵاتیان دەکەن.

نیان عوسمان، کچە پەرستارێکی خۆبەخشەو ماوەی دوساڵە لە نەخوشخانەی شەهید هەژار دەوام دەکات. بۆ (نەوژین) وتی: «خۆبەخشی کارێکی پیرۆزەو لە زۆربەی وڵاتان دا باوە، هەربۆیە ئێمەش بەگرنگمان زانی لەو بوارەدا کار بکەین». وتیشی: «جگە لەوەش لەروی کەسییەوە بۆ خۆمان سودمەند ترە، چونکە ئێمە کاری خۆبەخشی دەکەین بۆ پێگەیاندنی خۆمان و زیاتر شارەزابونمان لەکارەکەمان».

گۆنا نەریمان، کە دانیشتوی ناحیەی رزگاریە و پەرستارێکی دیکەی خۆبەخشە، دەڵێت: «من خۆم ئامادەی کاری خۆبەخشیم تیدایەو حەزدەکەم ئەو زانستەی فێری بوم بیرم نەچێتەوە، بۆیە لەرێگەی کاری خۆبەخشییەوە لێی دانەبڕوام و بگرە پەرەشم پێداوە و زیاتر شارەزا بوم».

ئەو کەسانەی کاری خۆبەخشی دەکەن هەست بەدڵخۆشی و ئاسودەیی دەکەن کەدەتوانن یارمەتی کەسانێک بدەن کە پێویستیان بەیارمەتییە.

وەک (لەیلا لوقمان)، پەرستاری خۆبەخش لەنەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار وتی: «مایەی ئاسودەییە بۆ ئێمە کە بتوانین بەتایبەتی لەم قەیرانە داراییەدا یارمەتی نەخوشەکان بدەین»، (نیان عوسمان)یش دەڵێت: «هەست بە ئاسودەیی دەکەین، چونکە لەدڵەوە یارمەتی نەخۆشەکان دەدەین».

تەنها لەنەخوشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، ٣٧ پەرەستاری خۆبەخش هەیە، لەو رێژەیەش١٥کەسیان ئافرەتن.

کەرتی تەندروستی لەکوردستان بەگشتی و لەگەرمیان بەتایبەتی کەرتێکی پەراوێزخراوە، بەڵام خۆبەخشەکان تاڕادەیەک توانیویانە روڵیان هەبێت لەپڕکردنەوەی بۆشایی کەمیی کادیری تەندروستی و چارەسەرکردنی نەخۆشەکان.

هەڵگورد محەمەد، جێگری بەڕێوبەری نەخوشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «لەبەر کەمی میلاک لەنەخوشخانەکەماندا، پەرستارانی خۆبەخش توانیویانە کێشەی کەمیی کارمەندمان تاڕادەیەک بۆ چارەسەر بکەن».

(نیان عوسمان)یش وتی: «زۆربەی کارمەندەکانی هۆڵی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکە خۆبەخشن، ئەگەر رۆژێک دەوام نەکەین بۆشایی دروست دەبێت و لێپێچینەوەمان لەگەڵ دەکرێت وەک کارمەندەکاندە رەسمیەکان».

زۆرێک لە پەرەستارە خۆبەخشەکان، ماوەی زیاتر لە دو ساڵە بەخۆبەخشی لەنەخوشخانەکاندا دەوام دەکەن وتائیستا جگە لەبڕە پارەیەکی رەمزی کە مانگانە وەری دەگرن، هیچ شتیکی ئەوتویان بۆ نەکراوە.

لەوبارەوە (نیان عوسمان) وتی: «هەرچەندە زۆر بەڵێنمان پێدراوە بۆ ئەوەی دابمەزرێین یان بکرێین بەگرێبەست، بەڵام تائێستا هیچ شتێکی ئەوتۆمان بۆ نەکراوە». وتیشی: «ئەو بڕە پارەیەی پێمان دەدرێت، تەنها بەشی هاتوچۆی خۆمان دەکات».

> هەندێک هانمان دەدەن بەردەوام بین، هەندێکی تریش نائومێدمان دەکەن

(لەیلا)ش جەختی لەقسەکانی هاوڕێکەی کردەوەو باسیلەوەکرد کەپاش ماوەیەکی زۆر لەکاری خۆبەخشی، هەقە رێز لە ماندوبونیان بگیرێت.

لایخۆشیەوە، جێگری بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەکەلار، وتی: «وەزیری تەندروستی بەڵێنی دامەزراندنی پەرەستارە خۆبەخشەکانی پێداوین و ئێمەش ناوەکانمان بەرز کردوەتەوە، بەڵام تائیستا دانەمەزراون».

دەشڵێت: «لەکاتی هاتنی پارەی هاندان، هەوڵمانداوە بڕێک پارەیان بۆ تەرخان بکەین، ئەمەش بە فەرمانی وەزیری تەندروستی بوە».

بەو پێیەی کاری خۆبەخشی تاڕادەیەک بەکارێکی نوێ دادەنرێت، بۆیە زۆرجار خۆبەخشەکان توشی ئاستەنگ و قسەی کەسانەی دەوروبەر دەبنەوە.

نیان عوسمان، وتی: «هەندێک کەس هانمان دەدەن بەردەوام بین لەسەر کارەکەمان، هەندێکی تریش توشی نائومێدیمان دەکەن و دەڵێن: تاکەی بەخۆبەخشی کاردەکەن؟»



جەختیشیکردەوە «بەڵام من هەرگیز بیرۆکەی وازهێنانم نیە».

(گۆنا نەریمان)یش، دەڵێت: «زۆر کەس لەگرنگی کارەکەی ئێمە تێدەگەن بەتایبەتی نەخۆشەکان کاتێک چارەسەریان بۆ دەکەین». وتیشی: «کومەڵگای ئێمە هیچ بەهانەیەکی پێویست نیە بۆ قسەکردن، ئەوان هەمیشە قسەدەکەن، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە ئێمە بەهۆی ئەوانەوە واز لەو کارە بێنین کە خۆمان هەم حەزی لێ دەکەین و هەم بە گرنگ و پیرۆزیشی دەزانین».

---

## لێپرسراوی هۆبەی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ناحیەی رزگاری:

# ژنانی گوندەکان بەرێژەیەکی کەم تر سکاڵا لەبارەی توندوتیژییەوە تۆمار دەکەن




■ نەوژین، ژینۆ عەلی

**لە ساڵی ٢٠١٤ هۆبەی بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە ناحیەی رزگاری سەر بە قەزای کەلار کراوەتەوە، لەدیدارێکی (نەوژین) دا، لێپرسراوی هۆبەکە (عادل حەمەساڵەح)، باسلەوەدەکات سەرەڕای کەموکورتییەکان، بەڵام ئەم هۆبەیە توانیویەتی چەندین کێشەی ژنان و خێزان چارەسەر بکات.**

*** سێ ساڵە ئەم هۆبەیە کراوەتەوە، بەڕای ئێوە کردنەوەی تاچەند پێویست بو بۆ ناحیەکە؟**

بەڵێ کردنەوەی هۆبەکە زۆر پێویست بو، بەڵکو ئەبوایە پێشتر لەگەڵ کردنەوە فەرمانکەکانی تردا ئەم هۆبەیەش کرابایەتەوە، چونکە ناحیەکە فراوانە لەڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە و پێویستی بە دەزگایەک هەیە گرنگی بە پرسی توندوتیژی خێزانی و ژنان بدات.

*** زیاتر چ جۆرە کێشەیەک رو لەم هۆبەیە دەکات و بەزۆری پێشوازیی لە چ جۆرە کەیسێک دەکەن؟**

هەرچەندە ناوی فەرمانگەکەمان بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بەژنانە، بەڵام زیاتر کێشەی خێزانی و هاوسەران رو لە ئێمە دەکات، ئێمەش بەپێی توانا کار لەو کەیسانەی دیکەش دەکەین. هەرچەندە ژنانیش زیاتر سکاڵا لەلای ئێمە تۆمار دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سکاڵای هەندێک لەپیاوانمان وەرگرتوە کە بەرامبەر بە ژنەکانیان سکاڵایان هەبوە.

*** بەڵام هیچ حاڵەتێک هەبوە کە پیاوان سکاڵایان کردبێت لەوەی ژنەکانیان توندوتیژیان بەرامبەریان کردبێت؟**

نەخێر، هیچ حاڵەتێکی وا نەبوە، لەوانەیە لە شوێنەکانی تر رویدابێت، بەڵام تاوەکو ئێستا لای ئێمە حاڵەتی وا تۆمار نەکراوە.

*** بەو پێیەی ناحیەی ڕزگاری پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی لەنێوان دانیشتوانەکەی دا هەیە، ئایا تاچەند کەسەکان ترسی ئەوەیان هەیە کەدێن سکاڵاتان لا تۆمار ئەکەن؟**

بەڵێ، زۆر جار کەسەکان کەدێن سکاڵا تۆمار دەکەن ترسیان هەیە لە کەسوکارو خێزانەکانیان، بەهۆی ئەوەی نەوەک بیان بینن و باسیان بکەن کە ئەمان سکاڵایان کردوە، بەڵام ئێمە بەشێوازێکی گونجاو مامەڵە دەکەین و نابینە هۆی ئەوەی ئاڵۆزی بۆ کەسەکە دروست بکەین، بەڵکو بەپلەی یەکەم هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکە دەدەین.

*** ئایا ئێوە هەمو کێشەکان بەوە چارەسەر دەکەن کە کەسەکان سکاڵا تۆمار بکەن؟**

نەخێر، لە شەش مانگی یەکەمی ئەم ساڵدا نزیکەی ٢٥ کەیسمان پەشیمان کردوەتەوە لەوەی کە سکاڵا بکەن، بەحوکمی ئەوەی خۆم توێژەرم و توانیومە قسە لەگەڵ کەسەکاندا بکەم و لایەنی بەرامبەری کێشەکەش بانگ بکەم و بۆم دەرکەوتوە کە زۆر جار هۆکاری کێشەکان تەنها چەند قسەیەکن کە کەسی سکاڵاکاری بێتاقەت کردوە، بۆیە توانیومانە بەبێ سکاڵا کێشەکە چارەسەر بکەین.

*** خەڵکی گوندەکان دەوروبەری ناحیەکەش سەردانتان دەکەن یاخود لەلاتان سکاڵا تۆمار دەکەن؟**

بەڵێ دەکرێت، بەڵام بەڕێژەیەکی زۆر کەم.

*** هۆکاری سکاڵاکان زیاتر چین؟ بەتایبەتی لەم ماوەیەی رابردودا؟**

کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی هۆکاری سەرەکین، بەتایبەت کێشەی ئابوری، لەمساڵدا دروستبون و قوڵبونەوەی قەیرانی دارایی زیاتر هۆکاری سکاڵاکان بوە.

*** ئەمساڵ تاوەکو ئێستا چەند سکاڵا تۆمار کراوە؟**

ئەمساڵ تائێستا نزیکەی ٣٦ سکاڵا تۆمار کراون.

*** ئەوەی پەیوەندی هەبێت بە هۆبەکەتانەوە، ئایا کەموکورتییەکانتان چین؟**

سەرەتا ئەم هۆبەیە بەکەموکورتییەکی زۆرەوە کرایەوە، لەڕوی شوێن و نەبونی کارمەندەوە کەتەنها لەیەک ژوری بینای فەرمانگەی ناحییەی ڕزکاری پێکهاتبو، بەڵام ئیستا فەرمانگەکە توانیویەتی سێ ژورمان بۆ دابین بکات، هەروەها لەئیستادا پێنج کارمەندمان هەیە.

*** بەوهۆیەی بینای تایبەتتان بەخۆتان نیە، ئەمە وای نەکردوە نهێنی کەیس و کەسەکان پارێزراو نەبێت؟**

بەهۆی ئەوەی لەم بینایەدا سێ فەرمانگەی تیایە، لەوانەیە هەندێکجار کێشەکان رۆشتبێتە دەرەوەو کەسی تر پێی زانیبێت، بەڵام گەر بینای تایبەت بەخۆمان هەبێت ئەوا دەتوانین بەشێوەیەکی باشتر گوێ بۆ کەسەکان رابگرین و کێشەکانیان چارەسەر بکەین و نهێنیشیان بپارێزین.

*** ئەگەر کێشەکان دوای کاتی دەوام روبدات ئێوە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن؟**

راستە روداو و کێشەکان کاتیان بۆنییە، بەڵام ئێمە زیاتر ئەتوانین لەکاتی دەوام دا کێشەکان ببینین و چارەسەریان بکەین، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی شوێنی تایبەت، بەڵام هەندێکجار خۆم سەردانی ماڵی خاوەن کێشەکەم کردوەو هەوڵی چارەسەرکردنمان داوە.

# «مەرج نیە ئـەو منالانەی کاردەکەن خێزانەکانیان هەژار بێت»



■ نەوژین

**لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین، یەکێک لەدیارترین ئەو دیاردانەی برەو دەسێنن، کارکردنی منالانن، ئەمە بێلەوەی لە وەرزەکانی تریشدا رێژەی منالی ئیشکەر هەر بونی هەیە، بەرپرسی رێکخراوێکی داکۆکیکار لەمنالانیش باسلەوەدەکات هەندێک خێزان راهاتون بەوەی منالەکانیان بنێرنە بەرکار، ئەگینا پێویستیان بەکاری منالەکانیان نییە.**

کارکردنـــی منالان، یەکێکـــە لە دیاردە بەرچاوەکانـــی وەرزی هاوین، ئەگەرچی ئەم دیاردەیە لە وەرزەکانی دیکەشـــدا بونی هەیە، بەلام بەوپێیەی لەم وەرزەدا پشوی قوتابخانەکانە، بۆیە رێژەی ئەو منالانەی دەخرێنە بەر کارکردن، زیاتر دەبێت.

(شیرین مەحمود)، بەرپرسی ئۆفیسی گەرمیانـــی لانەی منالانی کوردســـتان، کەوەکخۆیـــان دەلێـــن رێکخراوێکن بۆ داکۆکیکـــردن لە مافەکانـــی منالان، لە دیدارێکـــی (رادیۆی دەنگ) دا ئاماژەی بەوەکرد رێژەی کارکردنی منالان لەدوای داهاتنی قەیرانـــی داراییەوە زیاتر بوە، ئەگەرچـــی ئامارێکـــی ورد لەوبارەیەوە لەبەردەستدا نییە.

وتی: «قەیرانی دارایی کاریگەری لەسەر خێزانـــەکان دروســـتکردوە، زۆرێکیان ناتوانـــن بژێوی ژیانیـــان پەیدا بکەن، ئەمەش کاردەکاتە سەر لایەنی دەرونی و گوزەرانـــی منـــالان بەتایبەت کاتێک خێزانەکان ناتوانن داوا و خواستەکانیان جێبەجێ بکەن».

ئاماژەی بەوەشـــکرد: «هیچ ئامارێکی ورد لەبـــارەی رێژەو ژمـــارەی منالانی ئیشکەر لەگەرمیان بونی نییە، چونکە لەرابـــردودا روپێویەک کـــراوە لەلایەن وەزارەتی کاروبـــاری کۆمەلایەتییەوە، بەلام روپێویەکە گەرمیانی نەگرتوەتەوە ئەگەرچـــی زۆر داوامـــان کـــردوە لەگەرمیانیش ئەنجام بدرێت».

ئـــەوەی لە هـــۆکاری کارکردنی منالان دا تائێســـتا دەزانرێـــت، ئەوەیـــە کە لەبەر ناچـــاری و بەهۆی خراپی دۆخی دارایـــی خێزانەکانیانەوە، منالان ناچار بەکارکردن دەبن.

شیرین مەحمود، لەوبارەوە وتی: «مەرج نیـــە هەمو ئـــەو منالانـــەی کاردەکەن لەخێزانی هەژار و کەمدەست بن، چونکە هەندێکجار خێزانەکان بەپاساوی ئەوەی منالەکانیـــان تەمەل نەبـــن، دەیانێرنە بەرکار».

بەپێـــی جارنامەی مافەکانـــی مرۆڤ، کارکردنـــی منالان بەهەمو شـــێوەیەک رێگەپێنـــەدراوە، بەلکـــو بەتاوانیـــش هەژمار دەکرێت، حکومەتیش بەرپرسە لەدابینکردنـــی ژیـــان و بژێویـــی بـــۆ منالان.

شـــیرین مەحمود، ئاماژەی بەوەکرد کە منالان لەتەمەنی ١٦ ســـالیەوە بخرێنە بەر کار، بەلام بەو مەرجەی بۆ بژێویی نەبێت بەلکو بـــۆ فێربون بێت و لەژێر چاودێری خێزانەکانیش دا بێت.

لەئێســـتادا ژمارەیـــەک رێکخـــراوی پەیوەندیدار بە منالانەوە بونیان هەیە، بەلام رەخنە لـــەو رێکخراوانە دەگیرێت کە نەیانتوانیوە هیچی ئەوتۆ بۆ منالان بکـــەن و کارێک بکەن منـــالان بە مافە بنەرەتییەکانیان بگەن.

لەوەلامـــی ئـــەم رەخنانەدا، شـــیرین مەحمود، ئامـــاژەی بەوەکرد: «ئەرکی حکومەتـــە رێگـــری لەکارکردنی منالان بـــکات، هەروەهـــا بژێوییان بـــۆ دابین بـــکات چ بۆ خێزان چ بـــۆ منالەکە بۆ ئەوەی ناچار نەبـــن کار بکەن، چونکە هەندێکجار منال بەوهۆیە کاردەکات کە رەنگە کەســـێک نەبێـــت بژێویان دابین بکات و ناچار بە ئیشکردن ببێت».

پەیوەندیـــدار بـــە رەوشـــی منالانـــی گەرمیانەوە، پرســـیار ئەوەیە: رەوشی منالان لە چ ئاستێک دایە؟

بەرپرســـی ئۆفیســـی گەرمیانی لانەی منالان، لەمبـــارەوە، وتـــی: «بەهۆی قەیرانی داراییەوە رەوشی ژیانی منالان هیچ بـــاش نەبو، ئەمـــەش بەتایبەتی کاریگـــەری زۆر هەبـــو لەســـەر لایەنی دەرونی منالان».

> هەندێکجار منال بەوهۆیە کاردەکات کەس نیە بژێویان دابین بکات

> هیچ ئامارێکی ورد نییە لەبارەی ژمارەی منالانی ئیشکەر لەگەرمیان



باوکێک: بەهۆی گرانی نرخی یاریگاکانەوە منالەکەم دێنم بۆ ئێرە

# چوپ، یاریەک مەترسی بۆ منالانی گەرمیان دروست کردوە

■ نەوژین، زریان محەمەد

**ماوەی چەند مانگێکە دانانی چوپی یاری منالان لە گەرمیان بوە بە دیاردە، ئەم یاریانەش ئەگەرچی دلی منالانی خۆشکردوە بەهۆی ئاسانی بەردەست بونیان، بەلام هاوکات بەهۆی ئەوەی لەروی سەلامەتییەوە گونجاو نین، مەترسی بۆسەر ژیانی منالان دروست دەکات.**

باران محەمەد، کـــە خاوەنی دو منالی تەمەن (٤ بۆ ٦) سالانە، سەبارەت بە دانانی یاری چوپی منالان، بۆ (نەوژین) دەلێـــت: «لـــە ئێســـتادا دانانی ئەم چوپانە کـــە هەوای تێدەکرێت و منالان یاری لەسەر دەکەن زۆر زیادی کردوە و مەترسیەکی زۆریشی بۆ منالان دروست کردوە».

وتیشی: «من وەک و باوکێک لە کاتێکدا ئەم جـــۆرە یارییە مەترســـی هەیە بۆ منالەکانم ، بەلام ناچارم کە منالەکەم بـــە هۆی نەبونـــی داراییەکـــی باش و جێگەیەکی پێویست بۆ یاریکردن ببەمە لای ئەو چوپانە».

ئامـــاژەی بەوەشـــکرد: «ئەگـــەر چی پارکێکـــی یاریکردنـــی گونجـــاو هەیە لەم شـــارەدا، ئەویش بە پارە دەچێتە ژورەوە و لە بەرامبەر بەکارهێنانی هەر یارییەکیشدا پارە وەردەگیرێت، رەنگە ئەمەش هۆکاربێت بۆ من و کەسانیتریش کە ناچاربین رو لەو یارییانە بکەین کە لە دەرەوەی پارکەکاندان و گەرۆکن».

حەز و ئارەزوی منال جیاوازە و هەمیشە ئەیـــەوێ لەو دونیایـــەدا بژی کە خۆی ئەیەوێـــت، بێئاگا لە باشـــی و خراپی ئەو جێگەیەی کە یـــاری تێدا دەکات، هەربۆیە زۆربەیان بەشـــەوقەوە رو لەم یاریە چوپانە دەکەن.

رۆژان جەلیـــل، کە تەمەنی ١٠ ســـالە، رۆژانـــە لەگـــەل هاورێکانی ســـەردانی ئـــەو چوپـــە دەکات کە مـــاوەی چەند مانگێکە لـــە نزیک مالەکەیان دانراوە و بە دلخۆشـــیەکی زۆرەوە دەلێت: «من هەمو شـــەوێک لەگەل هاورێکەم دەرۆم لـــەوێ یاری دەکـــەم و منالێکی زۆری لێیە».

کاروان، کـــە لە ســـوچێکی یاریەکەوە بە دیار یاریکردنی رۆژانی خوشـــکیەوە وەستابو، بەم جۆرە باسلەمەترسیەکانی ئـــەم چوپـــە بـــۆ (نەوژیـــن) دەکات «هەرچەندە ئەم چوپە مەترســـی هەیە و پەرژینی ســـەلامەتی بـــۆ دانەنراوە و لە هەمانکاتدا لایەنی تەندروســـتی ئەو ئەو منالانە پشـــتگوێ خراوە کە رۆژانە منالێکـــی زۆر ســـەردانی دەکـــەن بێ ئەوەی ئـــەو چوپانە پـــاک بکرێنەوە، بـــەلام بەهۆی نەبونی پارکی گەنجاو بۆ منالان ناچارم هەمو شەوێک خوشکەکەم بهێنمە ئێرە».

مەترسی دانانی ئەم چوپانە لە زۆربەی گەرەک و شـــەقامەکانی شـــاردا، زیاتر لـــەوە رەنگی دایەوە کە لـــە ماوەکانی رابردودا بوە هۆی گیان لە دەســـتدانی دو منال و برینداربونی سیانی دیکە.

عـــادل عەلـــی، خاوەنی یەکێـــک لەو چوپانەیـــە کە ماوەی چەنـــد مانگێکە دایناـــوە، وتـــی: «من بـــە ئیجازەی شـــارەوانی ئەم چوپەم داناوە، راستە مەبەست لێی بازرگانیە و لە بەرامبەردا پـــارە وەردەگـــرم لە هەمان کاتیشـــدا ســـەلامەتی منالانم لە بەرچاو گرتوە و پشتێنی ســـەلامەتیم بۆ دروستکردبو، بەلام قایمقام بە بیانوی تێکدانی سیمای شار پشتێنەکەی لابرد».

لـــە بەرامبەریشـــدا، قایمقامی قەزای کەلار، شـــەهاب ئەحمەد، بۆ (نەوژین) وتـــی: «ئێمە وەک قایمقامیەتی شـــار لەگەل دانانی ئەم چوپانەدا نین، بەلام بەهۆی بونی گرێبەست لە نێوان خاوەن چوپـــەکان و شـــارەوانیدا بـــۆ ماوەی ســـالێک ناتوانین هیچ شتێک بکەین لە ئێستادا».

وتیشـــی: «دوای تەواوبونـــی گرێبەســـتەکانیان، بەهیچ جۆرێک رێگە نادەیـــن جارێکی تر ئەم یاریە دابنەوە، چونکە بوەتە هۆی تێکدانی سیمای شار و کارەســـاتی دلتەزێنی بە دوای خۆیدا هێناوە».

باران محەمەد، هاورابو لەوەی چوپەکان مەترسی کەوتنەوەی روداوی دلتەزێنیان لێدەکرێـــت، وتی: «پێویســـتە لایەنی بەرپرس لـــەم شـــارەدا چاودێری ئەم جـــۆرە یارییانـــە بکات و ســـیاجی بۆ بکرێت و زۆر بە باشی توندوتۆل بکرێت بۆ ئەوەی کارەساتی وەک ئەوەی رویدا، دوبارە نەبێتەوە».

لایخۆشیەوە، ئەکرەم سالەح، سەرۆکی شـــارەوانی کەلار، بـــۆ (نەوژین) وتی: «ئەرکی ئێمە تەنها پێدانی شـــوێنە بۆ ئەو کەســـانەی کە خـــاوەن پرۆژەن بە خاوەن چوپەکانیشەوە، لەگەل ئەوەشدا شارەوانی قەزای کەلار بەرپرس نیە لە سەلامەتی گیانی هاولاتیان».

وتیشی: «داواکاریمان بۆ بەشی یاسایی شارەوانیەکان بەرز کردوەتەوە و تاوەکو بەلێننامە لە خاوەن چوپەکان وەرگرن، بۆ ئەوەی سەلامەتی گیانی ئەو منالانە بپارێـــزن کەســـەردانیان دەکـــەن بۆ یارییکـــردن لەگەل پاراســـتنی ژینگەی شوێنەکەش».

ئامـــاژەی بەوەشـــکرد: «چوپەکان بە شـــێوازێکی پـــەرت و بلاو ناوشـــاریان داگیـــر کردبـــو و دیمەنی ناوشـــاریان تێکدابو، هەربۆیـــە ئێمەش ناچاربوین بۆ رێکخســـتنەوەیان، ئەمـــە بکەین بە پرۆژەیەک و گرێبەستیان لەگەل بکەین بۆ ماوەی سالێک».



# ژنێک دەبێتە باوک بۆ منداڵەکانی خۆی و پزیشک بۆ منداڵانی خەڵکی

■ **نەوژین، پەیام جەمال**

**سەرباری تەمەنە زۆرەکەی، بەڵام لەگەڵ سەختییەکانی ژیان شەڕدەکات، بەدرێژایی ٥٠ ساڵ وەک پزیشکێکی کوردەواریی خەریکی چارەسەرکردنی سەختییەکانی ئەوانیدی بوە.**
**مەلیحە ساڵح حەمە ساڵح، ٧٠ ساڵ تەمەنیەتی. ٧٠ ساڵی پڕ لە سەرفرازیی و ماندوێتیی لەپێناو منداڵەکانی و خەڵکیدا گوزەراندوە.**

لەکوردەواریی و بەتایبەت لە رابردودا، ژمارەیەک ژن هەبون کەکاری پزیشکیی کوردەوارییان دەکرد، کە لەرێگەی دەرمانی تایبەت و گیراوەی خۆکردەوە، چارەسەری نەخۆشیەکانیان دەکرد، بەتایبەتی ژنان و منالان، ئەگەرچی لەروی زانستیی پزیشکییەوە ئەو چارەسەرانە بەتەواوی پشتراست نەکراونەتەوە، بەڵام خەڵکێکی زۆر باوەڕیان پێی هەبوەو هەیە، بەتایبەت لە رابردودا زۆر پشتی پێبەستراوە.
خاتو مەلیحە، یەکێکە لەو ژنانەی گەرمیان کە لەو بوارەدا کاری کردوە. ئەو ئێستا هەرچەندە بەهۆی بەساڵاچون و نەخۆشکەوتنەوە توانای هەندێک لەو کارانەی نەماوە کە پێشوتر کردویەتی، بەڵام هێشتا دەتوانێت چارەسەری کوردەواریی هەندێک لە نەخۆشیەکانی منالان بکات.
نەوژین، مەلیحە خانی بەسەر کردوەو ئەویش حیکایەتی ژیانی خۆی بۆ گێڕاینەوە. باسیلەوەکرد: کە ماوەی ٢٠ ساڵە بەتەنیا دەژێت، لەپاش مردنی هاوژینەکەیەوە خۆی منداڵەکانی بەخێوکردوە و هەم بوە بە دایک و هەم بوە بە باوک بۆ منداڵەکانی.
مەلیحە جگە لەوەی منداڵەکانی خۆی بەخێوکردوە، بوە بە دایک بۆ چەند منالێکی تر، تەنانەت ئەو منالانەی پێگەیاندوە و تاوەکو ئەوەی کە بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابینبکەن.
ئاستەنگی ژیان و بوێری و ئازایەتیی خاتو مەلیحە وای کردوە کە هیچ ئیشێک بە زەحمەت نەبینێت، هەربۆیە زۆرێک لەو ئیشوکاسبیانەی کردوە کە لە کۆمەڵگادا کاری پیاوانە بونە.
ئاماژەی دا کە جەراحێکی بەتوانایە و توانای دەست و قاچ و پەراسو گرتنەوەی هەیە، دەڵێت: «کەم کەس لە شارەکانی کوردستان هەبێت من چارەسەرم بۆنەکردبێت». هەروەک مامانی یەکێکی تر بو لە کارەکانی کەوەکخۆی هێمای بۆکرد «بەهەزاران جار مامانیم کردوە و ناوکی منالانم بڕیوەتەوە».
جگە لە کاری پزیشکی کوردەواریی، خاتو مەلیحە زێڕفرۆشتن، قەسابی، دروستکردنی دەرمانی کوردەواریی و کاری کشتوکاڵیشی کردوە، تەنانەت بۆ بژێویی ژیانی خۆی و منداڵەکانی، پەنا دەباتە بەر کارگوزاریی «کاتێک توانای کارکردنم نەمابو، بۆیە ببوم بە کارگوزاری قوتابخانە و ماوەی شانزە ساڵ کارم لە قوتابخانە کردوە.»



خاتو مەلیحە، بیریشدێنێتەوە: «سەرپەرشتیی زۆرینەی ئەو پرسە و شاییانەم کردوە کە لە گەرمیان کراون».
ئەو دەرمانانەی کەلەلایەن ئەو کەسانەوە ئامادەدەکرێت کە بە پزیشکی گیایی یان ئەعشاب ناودەبرێن، جیاواز و جۆراوجۆرن، بەشی زۆریان خۆکردە، هەر گیایەک لەگەڵ گیای دیکەو گیراوەی دیکە تێکەڵ دەکرێن و بەشێوەی تایبەت ئامادە دەکرێن یان دەگیرێنەوەو بۆ جۆرێک لە نەخۆشی بەکاردەبرێن.
خاتو مەلیحە باسی لەوەش کرد: «ئێستا بە بۆنەی تێپەڕبونی تەمەنمەوە ناوی ئەو دەرمانانەم لەبیرچۆتەوە کە دروستمدەکردن، بەڵام بە شێوەی ئەو دەرمانانە دەیانناسمەوە و دەزانم بۆچی بەکاردێن.»
بە باوەڕبەخۆبونێکی زۆریشەوە دەڵێت: «بەقەد توکی سەرم منالم چارەسەر و تیمار کردوە و هیچ کام لەو منالانەش کە بۆلام هێنراون بەبێ چارەسەر نەگەڕاونەتەوە.»

---

# بەڕێوەبەرە ژنەکەی کارەبای کفری: ژن نابێت ترس لە ناخی دا هەبێت




> خۆم بە «بەڕێوەبەر» نازانم، بەڵکو خۆم بە «سەرکردە» دەزانم

> بەرنامەی من وایە رۆژێکی نوێ ئەبێت بە فیعلی نوێ بێت بۆ خزمەتکردن

■ **نەوژین، ئەشرەف ئەحمەد**

**لەکەرتێکدا کە زۆرینەی پۆستەکانی قۆرغکراوە بۆ پیاوان، ژنێک لەکفری توانیویەتی ئەو دەقە بشکێنێت و ماوەی ساڵێکە ببێتە بەڕێوەبەری فەرمانگەیەک، کەیەکێکە لە دیارترین فەرمانگە خزمەتگوزاریەکان و زۆرترین کێشەی روبەرو دەبێتەوە، ئەویش کەرتی کارەبایە.**

ئەشواق ئیبراهیم محەمەد، نزیک ساڵێکە بوەتە بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کفری، لەکاتێکدا ژمارەی ژنانی بەڕێوەبەر لە سنوری ئیدارەی گەرمیان دا زۆر کەم و دیارییکراون، بەتایبەت لەو کەرت و فەرمانگانەی کە بە «خزمەتگوزاریەکان» ناودەبرێن.
ئەو لەدیدارێکی (نەوژین) دا ئاماژە بەو هەوڵانە دەدات کە بۆ پەرەدان بەو کەرت و فەرمانگەیە دەیدات، هەروەک باسیش لە ئاستەنگ و کێشەکان دەکات.
ئەشواق، بڕوانامەی ئەندازیاریی لە کارەبا دا هەیە، لە ساڵی ٢٠٠٣ وە وەکو فەرمانبەر لە کارەبای کفری دامەزراوە، پاش گۆڕینی فەرمانگەکەیان بۆ بەڕێوەبەرایەتی، ئەو ماوەی نزیکەی ساڵێکە ئەرکی بەڕێوەبردنی بەڕێوەبەرایەتییەکەی پێدراوە.
باسیلەوەکرد بە هەوڵ و ماندوبونی خۆی توانیویەتی خۆی پێبگەیەنێت، هەر لە یەکەم ساتی دامەزراندنیشیەوە، هەستی ئەوەی هەبوە کە خۆی بە قەرزای خاک و نیشتیمان و شارەکەی زانیوە و ویستویەتی لەرێگەی کارەکەیەوە، بەشێک لەو ئەرک و قەرزەی لەسەر شانیەتی بەرامبەریان، بیداتەوە.
ئەو پێیوایە شانبەشانی پیاوان دەتوانێت خزمەت بە کۆمەڵگا بکات و دەڵێت: «پێموانیە ئافرەت دەبێت بەردەوام ترسی لە ئیش هەبێت، چونکە ئافرەت لەو کاتەوە کە هەست بە بونی خۆی دەکات، نابێت ترس لە ناخی هەبێت، چونکە ترسەکان وا دەکان سەر نەکەوێت لە ژیان».
بەپێچەوانەوە ئەو خانمە رایوایە ئافرەتان ئەبێت متمانەی تەواویان بە خۆیان هەبێت وسڵ لە وەرگرتنی پۆست و بەرپرسیارێتی نەکەنەوە لەترسی لۆمەو قسەو قسەلۆکی خەڵکی.
لەوبارەوە دەڵێت: «جاریوا هەبوە خۆم تاکە ئافرەت بومە لە نێو شەش پیاو پرۆژەییەکەمان بردوەتە رێوە، بەڵام سەربەرزانە پرۆژەکەمان ئەنجامداوەو توانیومە خزمەت بکەم».
رەنگە بۆ ئەو ژنانەی کەلەدەرەوە کاردەکەن کێشەو بارگرانیان توش بێت لەبەرامبەر راگرتنی هاوسەنگی ئیشی دەرەوەو ئیشی ماڵەوە، ئەم حاڵە بۆ ئەو ژنانە قورسترە کە لە ئیشی دەرەوەدا بەرپرسیارێتی و پۆستیان هەیە. ئایا (ئەشواق ئیبراهیم)، چۆن توانیویەتی هاوسەنگی لەنێوان ئەم دو ئەرکەدا رابگرێت؟
وتی: «لەگەڵ ئیشوکارەکانی ماڵەوە باشم، چونکە بەرنامەی من وایە رۆژێکی نوێ ئەبێت بە فیعلی نوێ بێت بۆ خزمەتکردن، منیش بەهەلی ئەزانم خزمەت بکەم، چونکە لەوانەیە ماوەک بێت من بتوانم کاربکەم، دواتر تاقەتم نەمێنێت یاخود نەتوانم».
بەردەوام ئەو ئافرەتانەی لەدەرەوە کاردەکەن و بەتایبەت پۆست و بەرپرسیارێتییان هەیە، گەورەترین خەمیان روبەروبونەوەی ئاستەنگ و کێشەیە، لەوبارەوە بەڕێوەبەرە ژنەکەی دابەشکردنی کارەبای کفری دەڵێت: «لە هەمو کات و ساتێک رۆژانە کێشە روم تێدەکات، بەڵام ئەو کێشانە نابنە رێگر لە کارەکانم، ناهێڵم ئەو کێشانە ببنە بەربەرست لەبەرامبەر ئیشەکانم».
ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەو خۆی بە «بەڕێوەبەر» نازانێت بەقەدەر ئەوەی خۆی بە «سەرکردە» دەزانێت، بۆ رونکردنەوەی جیاوازی ئەم دو دەستەواژەیەش ئەوە دەڵێت کە «کاری ئەو تەنها فەرمانکردن نیە، بەڵکو بەپلەی یەک سەرکردایەتیکردنی فەرمانبەرەکانێتی بۆ باشتکردنی خزمەتگوزاریەکان».
بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی کارەبای کفری، باس لەوەشدەکات فەرمانبەرانی رەگەزی نێر لە فەرمانگەکەیان زۆر کۆک و گونجاون لەگەڵی دا و هەرگیز بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ نەکراوە کە چونکە ئەو ژنە، بڕیار و فەرمانەکانی بەجۆرێکی دیکە لێوەربگرن. دەشڵێت: «بەبێ ئەو پیاوە هاورێ فەرمانبەرانەمان، ناتوانم کارەکانم ئەنجامبدەم، چونکە چەپڵە بەیەک دەست لێنادرێت».
ئەشواق ئیبراهیم، ئاماژە بەوەشدەکات کە سەرباری ئاستەنگ و قەیرانی دارایی و کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەران، بەڵام ئەو لێبڕاوانە رۆژانە ئیشەکانی خۆی رادەپەڕێنێت «لەم قەیرانی داراییە دا من وەکو خۆم لە هەفتەکە دا ٥ رۆژ دەوامم کردوە، لەگەڵ ئەوەشدا من دو رۆژ پشوەکەی خۆم دەرچونم هەبوە بۆسەر پرۆژەکان بەمەبەستی چاودێرییکردنیان و دڵنیابونەوە لە باش بەڕێوەچونیان».
لە گەڵ شکاندنی نەریتێک و هەڵبژاردنی کارێک لە لایەن ئافرەتانەوە، زۆرجار کۆمەڵگا و خێزان دەبنە گەورەترین بەربەست و رێگرو لە پێش کارەکان، بەڵام (ئەشواق) بەپێچەوانەوە دەڵێت: «خێزان و ماڵەوەمان گەورەترین پشتیوان و هاوکارمن، بەتایبەتی هاوسەرەکەم، چونکە پشتیوانی ئەوان نەبوایە نەمدەتوانی ئەم پۆستە وەربگرم و خزمەت بکەم».
هیواشی خواست کە «خێزانەکان هۆشیارییان هەبێت و رێگەبدەن ئافرەتانیش شان بەشانی پیاوان خزمەت بکەن، نەک بە چاوێکی کەمتر سەیر بکرێن».

# ژنە پێشمەرگەیەکی شاعیر...



▪ نەوژین، جوانە جەلیل

**هەر لەمناڵییەوە تێکەڵ بە شیعر و ئەدەبیات بوە، لەتەمەنێکیش دا کە سەرەتای گەنجێتی دەست پێدەکات، دەستبەرداری هەمو خۆشیەکانی ژیانی بوە و هاوسەرگیری لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا کردوەو روی لەشاخ کردوەو خۆیشی بوەتە پێشمەرگە. سەختیەکانی ژیان لەزۆر شت بێبەشیان کردوە، بەڵام لە شیعر نوسین نا، بەڵکو تائێستاش بەپەرۆشییەوە خامە دەگرێتە دەست و شیعر دەنوسێتەوە.**

نەمام عەبدوڵڵا، لە دایکبوی ساڵی (١٩٧١)ی گوندێکی سەر بە قەزای کەلارە، لەرابردودا پێشمەرگەی شاخ و ئێستاش ژنی ماڵەوەیە، هەر لەمناڵیەوە خولیای شیعر نوسین تیایدا چەکەرەی کردوەو تائێستاش بەردەوامە، دیوانە شیعرێکیشی بڵاوکردوەتەوەو کار لە دیوانی دوەمی دا دەکات.

لە سەردانێکی (نەوژین)دا بۆ ماڵی ئەم خاتونە شاعیرە سەرگوزەشتەی ژیانی خۆی بەم شێوەیە گێرایەوە «من لە خێزانێکی پێشمەرگەدا لەدایک بوم، لە تەمەنی (١٤) ساڵی ژیانی هاوسەریم لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا پێکهێناو ئیتر لەوکاتەوە رێرەوی ژیانی خۆم و نوسینی شیعریشم گۆڕا».

ئەو باسی لەوەشکرد: «بەهۆی بەرپرسیارێتی خێزان و هاوسەرە پێشمەرگەکەمەوە لە پۆلی دوەمی ناوەندییەوە دەستبەرداری خوێندنەکەم بوم و هەرلەو تەمەنە کەمەشدا بۆ پاڵپشتی هاوسەرەکەم روم لە شاخ کردو بۆ ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ لە شاخ مامەوە».

خاتو (نەمام)، بە ئاسودەییەکی زۆرەوە باسیلەوەشکرد کە سەرەڕای ئەوەی هاوسەرەکەی چەند جارێک پێیوتوە ژیانی پێشمەرگایەتی سەخت و ناهەموارە ئایە تۆ دەتوانی لەگەڵ ئەو ژیانە رابێت کە هێشتا لەسەرەتای بەهاری تەمەنت دای؟ منیش لەوەڵامدا پێیوتوە: «راستە من خۆشەویستی تۆم زۆر بەلاوە گرنگە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی خاک و نیشتمانیش بۆ من بەهای خۆی هەیە، لە هەموشی گرنگتر کە بتوانم لە رێگەی تۆوە تێکەڵ بە ژیانی شاخ ببم، ئەمە شانازییەکی گەورەیە بۆ من».

> بە هۆی دەربەدەری و ئەنفالەوە، زۆربەی شیعرەکانم لەناو چون

وتیشی: «لەماوەی ئەو چەند ساڵەی کە لە شاخ بوم بەرپرسیارێتیەکم لە ئەستۆ گرت، ئەویش ئەوە بو چارەسەری سەرەتایم بۆ ئەو پێشمەرگانە دەکرد کە بریندار دەبون، لەگەڵ ئەوەشدا خزمەتی خەڵکی لادێیەکشم دەکرد لە روی تەندروستییەوە، چۆنیەتی فێر بونی ئەم کارەشم لە رێگەی براکەمەوە بو کە (یاریدەدەری پزیشک) بو».

سەبارەت بە نوسینی شیعر و سەرەتای دەستپێکردنی، خاتو (نەمام) بۆ (نەوژین) دەڵێت: «سەرەتای نوسینی شیعرم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مناڵیم و لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایم، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی براکەم هەمیشە کتێب و دیوانی شاعیرانی کوردی دەهێنایەوە منیش دەمخوێندەوە، ئەمەش وایکرد کە حەز و خولیای شیعرم لەلا گەڵاڵە ببێت و پێنوسەکەم هەڵبگرم و دەست بە نوسینی شیعر بکەم بەتایبەت شیعری نیشتمانی».

ئەو بە پێکەنینەوە باسی لەوەشکرد: «ئەو شیعرانەی کە لەو تەمەنە کەمەدا دەمنوسیەوە خێزانەکەم هیچ لەو بڕوایەدا نەبون کە ئەوە هەستی مناڵێکی تەمەن هەشت ساڵان بێت، بەڵام مامۆستاکانم هەمیشە هانیان ئەدام کە بنوسم و بەردەوام بم، هەر بەو هۆیەشەوە بەشداری چالاکییەکانی قوتابخانەیان پێدەکردم».

لە پرسیارێکی رۆژنامەی (نەوژین)دا، سەبارەت بەوەی لەو تەمەنە مناڵیەوە کە دەستی بە نوسینی شیعر کردوە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، بۆچی تەنها یەک دیوانی هەیە؟

خاتو نەمام وتی: «راستە من شیعری زۆر زۆرم نوسیوەتەوە، بەڵام بە هۆی دەربەدەری و کاولکاری و ئەنفالەوە کە چەندین جار ماڵوێران و دەربەدەر بوین، بەو هۆیەشەوە زۆربەی شیعرەکانم لە ناو چون».

ئەم ژنە شاعیرە باسی لە دیوانەکەشی دەکات و دەڵێت: «ساڵی ٢٠٠٩ دیوانی شیعریەکەمم لە چاپ دا بە ناوی (پەیکی خەمەکانی ئێوەم)، بۆ ئەم دیوانەشم هاورێم (ساڵەح هەلاج) یارمەتیدەرێکی باشی من بو وەک یەکەم ئەزمونم، لەگەڵ ئەوەشدا هاوسەرەکەم و مناڵەکانم هاوکارێکی باشم بون لە کۆکردنەو و نوسینی شعرەکانم لە ماڵەوە دا».

وتیشی: «ئەم دیوانەم ژمارەیەکی کەمم لێ چاپ کرد، بۆیە وەکو یەکەم کتێبم نەگەیشتوە بە هەمو کتێبخانە و شیعر دۆستان، بەڵام سەرباری ئەوەش بە خۆشحاڵیەوە پێشوازییەکی باشی لێکرا، هەر بۆیە بریارمدا دیوانی دوەمم کە ئێستا لە چاپدایە، ژمارەیەکی زیاتری لێ چاپ بکەم بۆ ئەوەی بگات بە هەمو کتێبخانەکان».

ئاماژەی بەوەشکرد: لەگەڵ ئەوەشدا لە پلاندام چیرۆک بنوسمەوە و بە چیرۆکی ژیانی خۆم دەست پێبکەم.

ئەو وتیشی: «بڵاوکردنەوەی شیعرو دیوانم تەنها حەز و خولیای خۆمە، بەڵام هەر مرۆڤیک کاتێک بە ماندوبونێکی زۆرەوە کارێک ئەنجام دەدات، دەستخۆشی و رای بەرامبەر دڵخۆشیی و متمانەیەکی زیاتری پێدەبەخشێت».






# ژنە ئەکتەرێکی کورد..
## لەدراماوە بۆ باڵیۆزی نەتەوەیەکگرتوەکان

▪ نەوژین

**ئەگەرچی درامای سوریی بەزمانی عەرەبی پەخش دەکرێت، بەڵام بەشێک لە ئەکتەرە ناسراوەکانی، بەنەتەوە کوردن، رەنگە دیارترینی ئەو ئەکتەرانەش، «مونا واسف» بێت. ئەو کە بە «دایکە میهرەبانەکەی درامای سوریی» ناوبانگی دەرکردوە، لەماوەی پەنجا ساڵی مێژوی درامای ئەو وڵاتە، وەکو روخسارێکی دیار و گرنگ دەرکەوتوە، سەرباری ئەوەی بەهۆی ئەم کاریگەرییەوە، کراوە بە باڵیۆزی نیازپاکیی نەتەوەیەکگرتوەکان. لەم راپۆرتەدا ئاماژە بەبەشێک لە ژیان و کارەکانی دەدەین.**

مونا واسف، ناوی تەواوی (مونا جلیمران مستەفا واسف)ە، لەباوکێکی کورد و دایکێکی مەسیحی لە سوریا لەدایکبوە.

لەسەرەتا ی پەنجاکانی سەدەی رابردو وەکو نمایشکاری جلوبەرگ دەستبەکار بوە، پاشان پەیوەندی بە چەند تیپێکی شانۆییەوە کردوەو وەکو ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ بەدیار کەوتوە.

پاش جێگیر بونی پێیەکانی لەدونیای نواندنی زیندوی سەر تەختەی شانۆ، هەنگاو بۆ جیهانی تەلەفزیۆن و سینەما دەنێت، لەساڵی ١٩٦١ بەشداریی لەیەکەم کاری تەلەفزیۆنی دا دەکات بەناوی «لەدایکبونی سێبەر = میلاد الضل». بەدوای ئەوەشدا بەشداری لەچەندین دراماو فیلمی سینەمایی دەکات لە سوریاو لوبنان و وردە وردە ناوبانگی زیاتر دەبێت.

خاڵی زۆر جیاکەرەوە لەمێژوی هونەریی ئەم خانمە ئەکتەرە، بەشدارییکردنێتی لە فیلمی سینەمایی «الرساله» بە رۆڵی «هیند بنت عەتبە»، کەوەکو یەکێک لە باشترین بەشدارییکردنەکانی لە مێژوی هونەریی خۆی هەژمار دەکرێت، رەنگە بەشێکی پەیوەندیشی بەوەوە هەبێت کە فیلمەکە دەنگدانەوەیەکی زۆری لەناو خەڵکی دا هەبوەو بەباشیی پێشوازیی لێکراوە.

لەژیانی هونەریی خۆیدا، مونا واسف، بەشداریی لە زیاتر لە ١٠٠ کاری هونەریی دراماو شانۆ و فیلمی سینەمایی دا کردوە، کارەکانیش لەنێوان رۆڵی تراژیدی و جیدی و کۆمیدی دا بون، ئەوەی مایەی تێبینی رەخنەگرانیشە ئەوەیە کە بۆ هەر یەکێک لەو رۆڵانەو سەرباری جیاوازییان، توانیویەتی سەرکەوتو بێت و بەباشیی و سەرکەوتویی رۆڵەکە بەرجەستە بکات.

کەناڵی سکای نیوز ئەلعەرەبیە، لەراپۆرتێکیدا ئاماژەی بەو ئەکتەرانە کردوە کەوەکو پایەی درامای سوریی ناسراون بەڵام لەبنەڕەتەوە کوردن، ناوی (مونا واسف) لە سەرەوی ئەو لیستەوەیە.

ئەو کە بەنازناوی «دایکە میهرەبانەکەی درامای سوریی» ناسراوە بەهۆی ئەو رۆڵانەی دایک لە دراماکان نواندویەتی، چەندین خەڵاتی رێزلێنان و دیاریی و نازناوی پێبەخشراوە، لەنێویاندا خەڵاتی باڵای سوریا.

هەروەها لەساڵی ٢٠٠٢ داو لەلایەن بانکیمۆنی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە، وەکو باڵیۆزی نیازپاکیی نەتەوەیەکگرتوەکان دیارییکرا، ئەمەش لەبەرامبەر ئەو کارانەی بۆ کۆمەڵگا کردویەتی لەرێگەی پرۆژە هونەرییەکانییەوە.



# چیرۆکی ٢٢ ساڵ ستەمکردن لە کچێکی گەرمیان



■ نەوژین، لەیلا ئەحمەد*

**بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێت، لەباوەشی دایکی دەرهێنراوەو دراوە بە ژنێکی دیکە، لەوڵاتی خۆیەوە بۆ هەندەران گوازراوەتەوە، لەهەستی باوک و دایک و کەسوکار بێبەشکراوە، ئاینەکەی پێگۆڕدراوەو بەوهۆیەوە سوکایەتی پێکراوە، نەک هەرئەوەش بەڵکو روبەڕوی ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆریش کراوەتەوە. ئەمە پوختەی چیرۆکی کچێکی دانیشتوی گەرمیانە، کەلێرەدا بۆتان دەگێڕینەوە.**

ئەو کچە کەتەمەنی ٢٢ ساڵەو ناوەکەی لای نەوژین پارێزراوە، سەرەتای چیرۆک و دەستپێکی کارەساتە یەک لەدوای یەکەکانی ژیانی، بەمشێوەیە گێڕایەوە: «ئێمە لە وڵاتی نەرویژ دەژیاین لەگەڵ باوک و دایکم و براوخوشکانم دا، دەمزانی کەمامەڵەی خێزانەکەم لەگەڵ من و برایەکم دا خراپە، بەڵام نەمدەزانی کەهۆکارەکەی چیە».

وتیشی: «رۆژێک لەدەرگایانداو باوکم باوەشی پێکردم و زۆر ماچیکردم، کوڕێکی باڵا بچوکی ئەسمەری لەگەڵ بو، وتی: ئەمە کوڕی مامتە لەکوردستانەوە بۆ لای تۆ هاتوە رێزیبگرە ئەمە هاوسەری ئایندەی تۆیە! زۆر توڕەبوم لەباوکم پێم وت: بۆ ئەتەوێت شوی پێبکەم؟ وتی: ئامۆزاتەو حەقدارتە، بەڵام من رەتمکردەوە و بەمهۆیەوە کێشە کەوتە نێو خێزانەکەمانەوەو ماوەیەکی زۆرم بەشەڕ و کێشە بەڕێکرد سودی نەبو، باوکم توڕە بو زۆری لێدام».

ئەو کچە باسلەوەدەکات هەستی بەگرێیەکی دەرونی کردوە، چونکە دایک و باوکیان جیاوازیان دەکرد لەنێوان ئەو و برایەکی و باقی خوشک و براکانی دیکەی. وتی: «لەبەر خۆمەوە وتومە ئەگەر من و براکەم لەم خێزانەین بۆ ئاهەنگی رۆژی لەدایکبون بۆ ئێمە ناکەن و ناهێڵن بڕۆینە هیچ شوێنێک لەگەڵیان؟»

هەوڵەکانی ئەو خێزانە بۆ بەشودانی بە ئامۆزایەکی بەردەوام بو، وتی: «دوای ماوەیەک باوکم و دایکم بەقسەی خۆش و نەرم و نیانیەوە فریویاندام و هێنامیانەوە بۆ کوردستان، لەسلێمانی چوار مانگ لەخانویەک بەندیان کردم و بەردەرگام نەدەبینی و توندوتیژی زۆریان بەرامبەرم نواند و بەقسە ناخۆشەکانیان ئازاریاندام، دەیان وت ئەبێت سەرپۆش بکەیت، نینۆکەکانت بگری و نوێژ بکەی، تۆ کاکەیی کافری وەک دایکت و ئەبێت پەیڕەوی ئاینەکەمان بکەیت».

باسلەوەشکرد لەکاتێکدا بۆ کوڕەمامێکی دانراوە بەشو بدرێت، بەڵام کوڕە مامێکی تری هەستاوەتەوەو داوای کردوە بەم بدرێت، کە بەوەش رازیی نەبوەو لەسەر ئەمەش هێندەی تر لێیانداوەو ئەشکەنجەیان کردوە. هەتا پەنای بۆ خۆکوشتن بردوەو نەیانهێشتوە، سەرەنجام رازیی بون بگەڕێتەوە بۆ نەرویژ.

بەڵام گەڕانەوە بۆ نەرویژ، کێشەکانی ئەو کچەی نەک چارەسەر نەکرد، بەڵکو گەورەتری کرد. وتی: «دوبارە کێشەکان دەستیان پێکردەوە، باوکم توندوتیژی بەرانبەرم دەکرد دایکم هانی باوکمی دەدا، ژیانی خۆم و براکەم وەک دۆزەخی لێهاتبو لەدو خێزان و دو وڵات شوێنمان نەدەبوەوە، مام و خێزانەکانیان دەیان وت ئەبێت ئاینی ئێمە پەیڕەو بکەیت و لێیاندام».

باسی ئەو رۆژەشی کرد کە کراونەتە دەرەوە «رۆژێک باوکم شەڕی لەگەڵم کردو پێی وتم: من و هاوسەرەکەم دایک و باوکت نین و من مامتم، تۆ وەک دایکە کاکەیی کافرەکەتی بڕۆنە دەرەوە، خۆم و براکەمی لەماڵ کردە دەرەوە، دو کەڕەت گەڕامەوە بەگریان و پاڕانەوە دەرگاکەیان لێنەکردمەوە، دایکم وتی: بڕۆ ئەگەرنا پۆلیست لێ ئاگادار دەکەمەوە. ناچار بەبێ پارەو هیچ شتێک رۆشتین، نەگەڕامەوە، یەک ساڵ خۆمم دەشاردەوە نەوەک کەسێک بمناسێت چونکە زۆر دەترسام و شەرمم دەکرد، ناچاربوم کار بکەم، براکەم خەریکی خوێندن بو، لای کچە هاوڕێکانم لەناو شوقەیەک و براکەمیش لەناو شوقەکەیەک ژیانمان بەڕێ دەکرد».

ئەو کچە باسلەوەشدەکات کە دوای ماوەیەک لەرێگەی ماڵپەڕی فەیسبوکەوە، خزمێکی دایکی دۆزیوەتەوە لە وڵاتی سوید کە دواتر سەردانی کردوە، لەوێ هەمو شتێکی بۆ رون بوەتەوە.

پوختەی ژیانی ئەم کچە وەک خزمەکەی گێڕاویەتیەوە ئەمەیە: «ئەم کچە دایکی کاکەیی بوەو باوکی موسوڵمانی شیعە مەزهەب، باوکی لەبەغدا بەدەستی حیزبی بەعس کوژراوە، ئەمانیش ماوەیەک لای دایکی بون، بەڵام مامەکانی فشاریان کردوەو کێشەیان بۆ دایکی دروستکردوەو قسەی نەشیاویان پێوتوە، هەتا سەرەنجام ئەمانیان لێوەرگرتوەو هێناویانن بۆ کوردستان. دواتر دایکی شویکردوەتەوە، مامێکی بچوکی کە لەنەرویژ ژیاوە، خۆی و براکەی لەگەڵ خۆیدا بردوە بۆ ئەو وڵاتەو بەمناڵی خۆی لەقەڵەمی داون».

ئەو کچە ئاماژەی دا کە پاش ماوەیەک توانیویەتی لەرێگەی سکایپەوە، دایک و خاڵۆکانی ببینێت و قسەبکەن پێکەوە و داوایانکردوە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان. ئەوەبو براکەی لەنەرویژ بەجێهێشتوەو بۆ سۆراخی ئەسڵ و بنەوای خۆی هاتوەتەوە کوردستان. وتی: کەگەڕامەوە ئەبینم خاڵۆکانم و خێزانەکانیان جلی جوان و ئامادەکاریان بۆم کردوە و بەرخیان لەبەر پێم سەر بڕی و ئاهەنگیان گێڕا، نەمدەزانی بگریێم یان پێبکەنم؟ نەڕۆشتمە ماڵەوە داوام لەخاڵۆم کرد مەرجەکەم بۆ بهێنێتە دی و بمباتەوە بۆ ماڵی داپیرم واتا دایکی دایکەکەی نەرویژم تادڵنیابم دایکەکەی ئەوێم دایکم نیەو ئەمیش داپیرم نییە، رۆشتمە لای هەمان شتیی خزمەکانمی وت».

ئەو کچە باسیلەوەکرد ، ماوەی ٢٢ ساڵی تەمەنی هەمو جۆرە ئەشکەنجەو ناسۆرێکی بینیوە، بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی هەبوبێت، ئاماژە بەوەدەکات کە ئەو باجەی ئەو داویەتی، باجی عەقڵی کۆنەخوازیی کۆمەڵایەتیی و ئاینییە. خۆی و براکەی هەمو چەرمەسەریەکیان بینیوە لەسەر تاوانێک کە نەیانکردوە.

وتیشی: «دوای ئاشکرابونی راستیەکان، من و خاڵۆکانم هەڕەشەمان لە مامەکانم کرد کەچیتر کێشەم بۆ دروست نەکەن، ئێستا دەڕۆمەوە نەرویژ و براکەم لەگەڵ خۆم دەهێنمەوە هەتا بە دایکم ئاشنا ببێتەوە».

* ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی لەگەرمیان

# لەناو بێشکەدا دەدرێت بە پیاوێک ٣٠ ساڵ لەخۆی گەورەتر

■ نەوژین، ژینۆ خەلیل *

**ئەگەر بڕیاربێت نازناوێک بە باڵای چیرۆکی میمکە فاتمەدا ببڕین، ئەوە بێشک «کارەسات» باشترین نازناو و ناونیشانە، چونکە ئەوەی بەسەر ئەو ژنەدا هاتوەو ئەو ستەمەی بەرامبەری کراوە، ژیانی بۆ هەمیشە کردوە بە دۆزەخێک کەنەتوانێت لێی قوتار بێت. ژنێک لەسەر بێشکە «لانک» دەدرێت بەپیاوێک کە ئامۆزای خۆیەتی و ٣٠ ساڵ لەخۆی گەورەترەو خاوەن پێداویستی تایبەتە «کەمئەندام»، کەچی روبەڕوی چەندین جۆری تر لە ئەشکەنجەو ستەم دەبێتەوە.**

کە ئێمە میمکە (فاتمە)مان بینی، لە گوندێکی گەرمیان نیشتەجێبو، بە ناسۆر و خەمێکی زۆرەوە، باسی چیرۆکەکەی بۆ دامەزراندین و کەوتە گێڕانەوەی.

وتی: «لەدایکبوم لەناو بێشکە لەئامۆزایەکی ٣٣ ساڵەم مارە کرام، بە چوار ساڵ لەدوای لەدایکبونم دایکم مرد، لەگەڵ تاقە براکەم بێناز کەوتین، باوکم ژنی دوەمی هێنا».

فاتمە، بە حەسرەتەوە چیرۆکە خەمگینەکەی درێژەپێدا «بوم بە ١٢ ساڵ لێرەوە نەهامەتیەکانم دەستپێکرد، رۆژێک باوەژنم وتی ئەمشەو مارەت دەبڕن، زۆر دەترسام وامدەزانی پارچەیەک لەلەشم دەبڕن، خێرا لەپشقلدانەکەمان (شوێنی کۆکردنەوەی پشقلی ئاژەڵ) خۆم شاردەوە».

وتیشی: «بێ ئەوەی رەزامەندیم وەرگرن هەمو کارێکی هاوسەرگیریەکەیان تەواو کرد لەکاتێکدا من هەر لە پشقلدانەکە دا خۆم حەشار دابو، دوای ئەوەی میوانەکان چونەوە باوەژنم وتی وەرە دەرەوە میوانەکان رۆشتنەوە، وتم: خۆ هیچ لەشمیان نەبڕی! باوەژنم دای لە قاقای پێکەنین و وتی باوکو براکەت تۆیان مارەکردوە لەئامۆزاکەت».

فاتمە، ئەو ساتەی کە هەواڵی بەشودانی پێدراوە بەمشێوەیە بۆ گێڕاینەوە «کەئەو هەواڵەم بیست ئاواتم بەمەرگ خواست، دەستم بەگریان و پاڕانەوە کرد لەبەردەم باوک و براکەم و وتم شوی پێناکەم تەمەنی گەورەیەو کەمئەندامە، بەڵام ئەوان هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم ئەگەر رازی نەبم بەئامۆزاکەم ئەوا دەمکوژن».

ئەگەرچی ساڵانێکی زۆر لە تەمەنی تێپەڕیوە، بەڵام تائێستا فاتمە نەیتوانیوە لەناخی خۆیدا لە باوکی خۆشبێت و «گەردنی ئازاد بکات»، چونکە وەکخۆی ئاماژەی بۆکرد، هەمو ژیانی بەهۆی بڕیارەکانی باوکی، بوەتە «کۆڵێک خەم و خەفەت».

لەباسی ژیانی هاوسەرگیریی، فاتمە وتی: «هەمو رۆژێک مێردەکەم قسەی ناشرینی پێدەوتم و لێیدەدام، تا لەلێدانم ماندو دەبو ئینجا شوبراکانم دەستیان دەکردە لێدانم، ئەوەندە مناڵ بوم دەترسام لای مێردەکەم بخەوم دەچوم لەنێوان هەردو دشەکەم (خوشکی مێرد) دەخەوتم دواتر مێردەکەم دەهات بەزۆر دەمیبردە ژورەکەی خۆی».

پورە فاتمەی مناڵ وخەم پڕ لەدڵ نەیدەزانی لەکوێوە باسی تاوانەکانی ماڵە باوانی خۆی و مێردەکەی بکات، وتی: «رۆژێک مێردەکەم و شوبراکانم زۆریان لێدام چومەوە ماڵی باوکم، باوکم کەزانی تۆراوم لەبری دڵنەوایی کەچی لێیدام و لێم توڕەبو، وتی: (تۆ دەتەوێت شەرەفم بشکێنی، چۆن دەبێت ژن لەمێردەکەی بتۆرێت؟ لەبەر تۆ قابیلە حاشا لەبرازاکانم بکەم؟) هەرچەندە باوەژنم هەوڵی دەدا رایگرێتو لێم نەدات سودی نەبو، بەمێردەکەمی وت وەرە بیبەرەوە، مێردەکەشم لەگەڵ شوبراکانم هاتن هەر لەماڵی باوکمەوە تاماڵی خۆیان بە قژ رایانکێشام و بردمیانەوە».



کارەسات و ناخۆشیەکانی ژیانی میمکە فاتمە بەردەوام بو، وتی: «تا چوار ساڵ منالم نەبو ماڵی خەسوم قسەیان پێدەوتم و دەیان وت لەگەڵ مێردەکەت ناخەوی بۆیە منالت نابێت، رۆژێک بردمیانە لای دکتۆر بۆ ئەوەی منالم ببێت دکتۆرەکە وتی ئەمە زۆر منالەو منالدانی منال هەڵناگرێت بۆیە جارێ ناتوانێت منالی ببێت».

ئەو باسیلەوەشکرد کەدوای چوار ساڵ بوم بەخاوەن کچێک، زۆر دڵخۆشبوم وتم لەوانەیە ئیتر باشبن لەگەڵم، چونکە ئەوان بەردەوام داوای منالیان لێدەکردم «بەڵام ئەم منالەش نەیتوانی ئەو زوڵم و ستەمانە راگرێ کەبەرانبەرم دەیانکرد، دواتر بوم بەخاوەنی ٣ کچ و ٤ کوڕ، کەچی ژیانە تاڵەکەم هەر بەردەوام بو».

فاتمە، گێڕایەوە کەئێستا مێردەکەم نەخۆشەو لەسەر جێگایە ئیتر لەلێدانم کەوت، پێموت: «ئەگەر بشمری هەر لێت دەترسم بەلای قەبرەکەشتدا تێپەڕم».

ئەم حاڵەتەی بەسەر (میمکە فاتمە) دا هاتوە، لەرابردودا یەکێک بو لە شێوازە باوەکانی هاوسەرگیریی، بەڵام ئەوەی مایەی خۆشحاڵیە کە لەئێستادا و بەپێی دەقی هەموار کراوی یاسای باری شارستانی کارپێکراوی هەرێمی کوردستان و یاسای بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزانیی، ئەم حاڵەتە قەدەغەکراوە.

لەوبارەوە مافپەروەر: قادر ژەوان، دەڵێت: «لەیاسای باری کەسی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٠٨ی هەرێمی کوردستان لەبەشی چوارەم خاڵی (٥٥)ی مادەی (١٠) لە مەرجەکانی تۆمارکردنی گرێبەستی هاوسەرگیریدا هاتوە: (هەر کەسێک گرێبەستی هاوسەرگیری لەدەرەوەی دادگا ئەنجامدا ئەوا سزاکەی لە ملیۆنێک دینار کەمتر نیە و لە سێ ملیۆن دیناریش زیاتر نیە) ئەمە ئەو واتایە دەبەخشێت کە دەبێ هەردو هاوسەرەکە لەدادگا و لەبەردەمی دادوەر رێکارە یاساییەکانی هاوسەرگیری ئەنجامبدەن».

دەشڵێت: شێوازەکانی هاوسەرگیریی کە لە کوردەواریی دا کراوە وەکو: (ژن بەژن، گەورە بەگچکە، بنەتۆ، بەزۆر بەشودان، مارەبڕینی کچ لە سەر بێشکە...هتد)، هەمو ئەوانە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئاڵۆزییەکان و سەرگەردانیی و لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی خێزانن.

* ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی لە گەرمیان

# کارکردنی ژن، ناچاری یان ماف؟





■ گوڵباخ حەسەن

**ژنان چیتر ئەبێ ئاڕاستەی کارکردنیان لەو قاڵبە رزگار بکەن، کە کەی قەیران و ناچاری ژیان تەنگی پێهەڵچنین، ئیتر ئەوان دەست بە ئیش و کارکردن بکەن.**

ژنـــان پێویســـتە بیـــر لەوەبکەنـــەوە کەکارکردن زەروریەتـــی ژیانەو دەبێت پشت بەداهات و توانای خۆیان ببەستن نەک لەبەر ئەوەی ئێستا قەیرانی داراییەو کارکردن بەڕەوا ببینن، کە بارودۆخەکە ئاســـایی بووەوە ئیتـــر ئەوانیش بێخەم لێیدانیشین، چاوەڕوانی پیاو یان برا بن بیانژێنیت.

ئەگـــەر گوزەرێـــک بـــە مێـــژوی ئەو قەیرانانە بکەین کەبەســـەر گەلی کوردا هاتون لە نێویشـــیاندا بە دیاری کراوی قەیرانی ســـاڵانی نەوەدەکان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاســـتی بەشداریی و کارکردنـــی ژنان لـــەو دەمەدا چالاک بو، بەشـــێوەیەک ژنان ئەگەر لەدەرەوە کاریان نەکردایە لەماڵەوە لەڕێگەی کاری دەستی و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر داهاتیان بۆ خۆیان مسـوّگەر دەکرد و هێزی کاری ژنان لە ئاستێکی باڵادا بو، بەڕادەیەک کەم ژن هەبو ئەرکی بژێوی خێزانەکەی لەئەســـتۆی خۆی نەگرێت بەو بەرهەمە خۆماڵیانەی کەدروســـتی دەکرد و دەبوە مایـــەی کەمکردنەوەی فشاری دارایی لەسەر خێزانەکەی.

بەڵام هەمو ئـــەم کارانەی ژنان کردیان وەکو کارێکی ســـەرەکی یـــان حەز و توانایەک ســـەیر نەکـــرا، بەڵکو وەکو لەناچاریـــدا بوبێـــت ئاوا بـــو، بۆچی؟ چونکـــە ژنان یان خـــود پیاوانیش ئەو حقیقەتەیان لەخۆیاندا دروست نەکردبو کەئەوانیش وەک پیاوان واجبە کاربکەن و خاوەنـــی داهاتی خۆیان بن، هەڵبەتە ژنان خۆیان نەیانویســـتوە یان رێگەیان پێنـــەدراوە، بۆیە بینیمـــان لە دوای ئاســـایی بونەوەی دۆخەکەو باشبونی رەوشـــی دارایی هاوڵاتیـــان و زیادبونی پارە، هەمـــو ئەو ژنانە دەســـتیان لە کارەکانیـــان هەڵگرت و خەونی بون بە خاوەنـــی داهاتی ســـەربەخۆی خۆیان لەباربـــرد. جارێکی تر زۆرینەی ژنان لە کەسانێکی چالاک و بەرهەمهێنەر، بون بە تاکێکی قوژبنی بێ چالاکیی ماڵەوەو «مشە خۆر».


بەڕادەیەک لـــەدوای ســـاڵی ٢٠٠٣ وە ئـــەو ژنانەی کاریـــان لەکەرتی تایبەت و کشـــتوکاڵ و ئاژەڵداریـــدا دەکرد، لە پەنجەی دەست تێنەدەپەڕین، وایلێهات ژنانی لادێکانیش دەستیان لەکارەکانیان هەڵگرت.

لەسەردانێکم دا بۆ یەکێک لە گوندەکانی گەرمیان، ژنێک بەشـــەرمەوە پێیوتم: «مـــن مانـــگا بەخێو ئەکـــەم، هاوڕێ ژنەکانـــی لادێکەمان گاڵتەم پێ ئەکەن ئەڵێـــن چیـــت داوە لـــە بەخێوکردنی ئاژەڵ؟ کەی مۆدیلی بەخێوکردنی ئاژەڵ ماوە؟» بەکورتـــی و پوختی کارکردن بوبـــو بەعیبە بۆ ژنان، بـــەڵام لەدوای ســـاڵی ٢٠١٤ و ســـەرهەڵدانی قەیرانی داراییـــەوە، بارەکـــە پێچەوانە بویەوە، ئێســـتا بەپێـــی ئامـــارو راپۆرتەکان، ژنانێکی زۆر دەستیان داوەتە کارکردن و پشـــت بە داهاتی خۆیان دەبەستن، ئەمـــە لەلایـــەک مایـــەی دڵخۆشـــیەو لایەکیش دەبێت بپرســـین: ئایا ئەگەر بارو دۆخەکە ئاسایی بویەوە، بەهەمان دەردی چەند ســـاڵی رابردو، ئەمانیش دەســـت لەکارەکانیان هەڵدەگرن یاخود نەخێر؟

ئەگـــەر ژنان خۆیان هۆشـــیار نەکەن و هەوڵـــی باوەڕ بەخۆبون و پشتبەســـت بەخۆیان لـــە ناخی خۆیاندا دروســـت نەکەن، ئەوا هەر زو کاروانی کارکردنیان رێگەکەی لـــێ پێچەوانـــە دەبێتەوە و ئاڕاستەکەی بۆ ماڵەوە دەگۆڕێت.

بۆیـــە هەتـــا درەنـــگ نەبـــوە، ئەبێت جوڵانەوەیەکی رێکخراو دروســـت ببێت بۆئەوەی ئەم هەلە بقۆزێتەوەو باوەڕو هێـــزی بەردەوامی و رەوایەتی کارکردن لە مێشکی ژناندا جێگیربکات.

# ئەگەر پەروەردە نەگۆڕین، عەقڵیەتی پیاوسالاریی کۆتایی نایات



■ پەیام لەتیف

**توندوتیژی بەرامبەر بەژنان، دیاردەیەکی باوی کۆمەڵگایە، ئامارەکانیش ناوەناوە لەسەر ئەم دیاردەیە بڵاو دەبنەوە، بەڵام ئەوەی دەبێت بپرسین لەبارەیەوە ئەوەیە: هۆکاری ئەم دیاردەیە چییە؟**

بێگومان ئاماژە بە زۆر هۆکار دەکرێت، بەڵام ئـــەوەی من دەمەوێـــت جەختی لێبکەمەوە ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکی ئـــەم دیاردەیـــە، خـــودی کۆمەڵگا و پەروەردەی کۆمەڵایەتییە.

بەومانایەی ئەم دیاردەیە تیایدا پیاوانیش کـــە ئەنجامـــی دەدەن، هەتاڕادەیەکی زۆر ئەوانیـــش قوربانین، چونکە ئەوان واگۆشکراون و راهێنراون، کە سەردارن و ژنانیش بەردەستەو کۆیلە!

کۆمەڵگا بەگشـــتی بەو ئاراســـتەیەدا دەچێت کە پەسنی کوڕ و رەگەزی نێر دەدات، هەمیشە مێ وەکو بونەوەرێکی کەمتر و کەم بایەختر تەماشـــا کراوە. کاتێک ماڵێک خاڵـــی دەبێت لە منالی کوڕ چـــۆن لێکدەدرێتەوە؟ بەڵام ئەگەر خاڵی بێت لەمناڵی کچ هەر بەهەمانشێوە لێکدەدرێتەوە؟

لـــە خێـــزان دا، نـــەک هـــەر بـــاوک، تەنانـــەت دایکیش ئەوەنـــە فەزڵی کوڕ دەدات بەســـەر کـــچ دا، بەپێچەوانەوە یەکسانییەک راناگرێت.

بـــەو واتایـــەی خێـــزان بەهـــەردو رەگەزەکەیـــەوە قەناعەتی کـــردوە بە لاوازیی ژن و بەهێزی پیاو، بە سەرداریی پیاو و بەردەســـتەیی ژن، بە پلەیەکیی پیاو و پلە دوییی ژن.

زۆرن ئـــەو ژنانـــەی کەتائێســـتاش وشـــەی (زەعیفە) بەرامبـــەر یەکتری بەکاردەهێنن، بـــەو رادەیەی کەپیاوان بەکاری دێنن، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لە نەســـتی کۆمەڵایەتیی گشتی دا، ئەو بیرە چەوت و ناڕاستە چەسپیوە.

کەواتـــا خێـــزان وەکو کـــۆ، کۆمەڵگا بەگشتی، لەو جیاوازیی و نایەکسیانییە بەرپرسیارە، ئەم عەقڵیەتە نێرسالارییە بەرادەیـــەک چەســـپاوە کـــە ژنانیش باوەڕیـــان پێکـــردوەو لایـــان بـــوە بە حەقیقەت.

بەو واتایەی ئەو ئەفســـانەیەی ناونراوە «بەهێـــزی پیـــاو و زەعیفەیی ژن»، ژنانیـــش باوەڕیان پێکـــردوە، ئەمەش بەهـــۆی ئـــەو پـــەروەردە کەلتوریەی کەلەســـەری راهاتویـــن، واتـــا خێزان و کۆمەڵـــگا کـــچ و کـــوڕی وەکو یەک گـــۆش کردوە بە سەردەســـتەبونی نێر و ژێردەســـتەبونی مـــێ، بـــە پلە یەک هەژمارکردنی کوڕان و پلە دوییی کچان.

بۆیـــە ئەرکـــی هەمومانـــە، ژنان پێش پیاوان، ئەم بارە لارە راست بکەینەوە، ئەم عەقڵیەتە چەوتە بگۆڕین.

ئەمـــەش بـــە گۆڕینـــی تێڕوانیـــن و پەروەردەمـــان، ئیتـــر چ پـــەروەردەی کۆمەڵگەیی یـــان خێزانی بێت، یاخود پـــەروەردەی قوتابخانـــەو ناوەندەکانی دیکە.

# مەستورەی ئەردەڵانیی شەرعزان

■ شاران بەرزنجی

**ئەوەی تائێستا لەبارەی (مەستورە ئەردەلانیی)ەوە زانیومانە، ئەوەیە کەمێژونوسە، بەڵام لەراستی دا بەرهەمی ئەم ژنە زیاتر بوە لە نوسینەوەی مێژو و خزمەتەکانیشی هەر لە یەک بواردا کورت نەکردوەتەوە، بەڵکو هەوڵی داوە لەزۆر بواردا رچەشکێنی بکات. لەم بابەتەدا، هەوڵدەدەین پوختەیەک لەژیانی ئەم خانمە بخەینە پێشچاو، کە بە یەکێک لەناودارترین ژنانی کورد لە سەردەمی کۆن هەژمار دەکرێت.**

ناوی تەواوی (ماە شەرەف خانمی کچی ئەولحەسەن بەگی ساداتی سنەیە)، لە ساڵی ١٨٠٥ لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوە.

لەتەمەنی چوار ساڵیدا باوکی دەیخاتە بەر خوێندن هەر بە منالی فێری زمانی فارسی و عەرەبی و زانستە شەرعیەکان دەبێت لە باوکیەوە، زمانی کوردیشی بە باشی دەزانی.

نازنـــاوی (مەســـتورە)ی بـــۆ خـــۆی هەڵبژاردوە بەپاڵپشتی باوکی و هەوڵ و تواناکانی خۆی دەبێتە کچێکی ناودار، فێرخـــوازان بۆ فێربونی زانســـت روی لێدەنێن.

مەســـتورە، خۆی وتویەتی بەرێکەوت کەوتوەتـــە نـــاو بنەماڵـــەی میـــری ئەردەڵان، بۆ چارەســـەرکردنی کێشەی نێوان بنەماڵـــەی ئەردەڵان و بنەماڵەی مەستورە، بەو شێوەیە دەبێتە هاوسەری (خەســـرەوخان) ئـــەو کاتـــە تەمەنی (مەستورە) بیست ساڵ دەبێت و تەمەنی (خەسرەوخان)یش بیست و یەک ساڵ بـــوە، بـــەڵام (خەســـرەوخان) ژنێکی دیکەی هەبو بە ناوی (حوســـن جیهان بانو کچی فەتح عەلی شای قاجار) بو، واتە هاوسەری یەکەمی (خەسرەوخان) بو (مەستورە)یش بو بە ژنی دوەمی.

نەدەبو مەســـتورەی زاناو شاعیر وەک ژنێکی کۆیلەو بە خوێندا دراو پێ بنێتە ناو بنەماڵەی ئەردەڵانەوە، بەڵکو دەبو گۆڕانکاری دروست بکا، لێکۆڵەران ئەم شـــیعرەی بەو بەرەنگاریـــە دەزانن کە کردویەتی :

**هەروەکو شیرین منیش نازدارم**
**نازانم بۆچی لە ژین بێزارم**
**ئەگەر من شیرین، تۆیش کەیخەسرەو بیت**
**ئەبێ هەتا کەی بدەی ئازارم**

هەر بۆیە کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی (خەســـرەوخان) بـــەدەر دەکەوێـــت، لـــەو ماوەیـــەدا خەڵکـــی زۆر لـــە فەرمانڕەوایەتیەکـــەی رازی دەبـــن، (خەســـرەوخان) یش دەرفەتـــی زیاتری بـــۆ دەڕەخســـێنێت بۆ بەرەوپێشـــچونی و دانیشـــتنی ئەدەبـــی بـــۆ رێکدەخســـت، ئیزنـــی ئـــەدا لەگەڵ شـــاعیرانی تـــردا پەیوەندی ببەســـتێت و لە مەجلیسەکاندا شیعر بخوێنێتەوە، تا وای لێهات رۆژ لە دوای رۆژ پەیوەندی خۆشەویســـتی لەگەڵ (خەســـرەوخان)دا زیاتر دەبو، وەکـــو خۆشەویســـتیەکی خۆڕســـک ماوەی ئەم هاوسەرگیرییە تەنها شەش ســـاڵی خایاند، بەهۆی نەخۆشـــیەوە (خەســـرەوخان) کۆچـــی دوایی کرد، لەدەســـتدانی (خەســـرەوخان) لـــە شیعرەکانی (مەســـتورە)دا رەنـــگ دەداتەوە، دوای ئەو بەهار بەشێوەیەکی کە دەبینێت، دەڵێت:

**خەسرەو وەهارەن خەسرەو وەهارەن**
**کۆر بام جەدیدەی فەسڵی وەهارەن**
**مەوسم جلوس گوڵ و گوڵزارەن**
**وادەی تەماشای سەیرو شکارەن**

هەروەک چەندین شیعری لاواندنەوەی دیکەی بۆ (خەســـرەوخان) هۆنیوەتەوە.

مەســـتورە، لە ســـێ بـــواردا بەرهەمـــی هەیـــە (ئاین و مێژو و شـــیعر)، جگـــە لەوانـــەش خاوەنی بیســـت هـــەزار بەیتی شـــیعریە. دیوانـــە فارســـی و دیوانـــە کوردییەکەی بەهەردو شێوەزاری هەورامی و سۆرانی نوسیوە.



ئەم ژنە لە تەمەنی خۆیدا دو کتێبخانەی دەوڵەمەندی (قادری و ئەردەڵانیەکانی) لەبەردەست بوە، کە سودێکی گەورەی لە شـــاعیرانی پێش ســـەردەمی خۆی وەرگرتوە. شیعرەکانیشـــی کەوتونەتە نێـــوان دو لوتکـــەی هەرەبـــەرزی شـــیعری کوردییەوە، کـــە ناوبانگیان لە (میرنشـــینی بابـــان و ئەردەڵان و موکریان) بوە.

یەکێـــک لـــەو کارانەی کە مەســـتورە کردویەتـــی، دەســـتبردن بـــوە بـــۆ نوســـینی کتێبێک لەبارەی شەرعەوە، بەشـــێوەیەک کتێبەکەی نوســـیوە کە دەریدەخات ژنێکـــی زانا بوە لە بواری ئاینی ئیسلام دا.

شـــەرعیات، کەنـــاوی کتێبەکـــەی مەســـتورەیە، لە ڕۆژگارێکـــدا باس لە بنەماکانی ئایـــن دەکات کە نەک ژنان بەڵکو پیاوانیـــش عەودالی وەڵامەکان بون.

ئـــەم کتێبە باس لە ئەســـڵ و فەرعی ئاینـــی ئیســـلام دەکات، لـــە پاک و خاوێنیەوە تاوەکو جیهاد و شـــۆردنی مردو. لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا هەست دەکەیت کە ئەمە کەسێکی زۆر شارەزا لە ئاین نوسیویەتی، لە هەندێک بواریشدا فەتوای داوە.

پاش ئەم هەوڵە، مەستورە لە تەمەنی ٤٢ ســـاڵیدا دەستی کردوە بە نوسینی مێژوی ئەردەڵان، کارەکەشی بۆ ئاسان بوە بەوپێیەی خۆی لەناو بەشێک لەو روداوانەدا بوە.

مەســـتورە، پـــاش لەناوچونـــی دەسەڵاتەکەی (رەزا قوڵی خان)ی زڕ کوڕی، لەگەڵ نزیکەی هەزار کەسێک لەبنەماڵەکەی بەرەو ســـلێمانی کۆچ دەکەن. لە ســـاڵی ١٨٤٧ لەوشارە کۆچی دوایـــی دەکات و لە گردی سەیوان دەنێژرێت.

# د.بەناز جەلیل: تەمەن رۆڵی هەیە لە شێوازی منداڵبونی دروستی ژنان

■ نەوژین،
شۆخان حەمەساڵح- سازان مستەفا

**پزیشکێکی پسپۆڕی ژنان باسلە پرۆسەی لەدایکبونی منداڵ و ئەو تایبەتمەندیانە دەکات کەلەکاتی هاتنە دونیای دا لە روی پزیشیکەوە هەیەتی، هەروەک هۆکاری پەنا بردنە بەر نەشتەررگەری لەبری رێگای سروشتی رون دەکاتەوەو باسلەوەدەکات جگە لە حاڵەتی تایبەتی، رێگە بە نەشتەرگەریی منداڵبون نادرێت.**

هێنانە دونیای منداڵ، یەکێکە لەو کارانەی کە تاڕادەی بە پیرۆز کردن تەماشا دەکرێت، بەڵام ئەم پرۆسەیە لەروی تەندروستییەوە چەندین تایبەتمەندی و کێشەو وردەکاریی هەیە، بەتایبەتی لەنێو ژنانی گەرمیاندا تاڕادەیەکی زۆر هۆشیاریی لەبارەی وردەکاری ئەم پرۆسەیەوە کەمە.

لەمیانەی دیدارێک دا، هەوڵدەدەین لەبارەی پرۆسەی منداڵبون و هەردو رێگاکەی منداڵبون (سروشتیی و نەشتەرگەریی) قسەبکەین، بۆ ئەم مەبەستەش، دیدارمان سازداوە لەگەڵ (د. بەناز جەلیل)، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبون.

*** گرنگترین پرسیارێک کەدێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئایا هەمو ئافرەتێک دەتوانێت منداڵی ببێت و هەروەها لەهەمو کاتێکدا دەتوانێت منداڵی ببێت؟**

منداڵبون لەئافرەتێکدا دروست دەبێت کە منداڵدان و هێلکەدانی کێشەی نەبێت، ئافرەتانێک کەناتوانن منداڵیان ببێت هۆکەی ئەوەیە هێلکەدان یان منداڵدانیان بۆ دروست نەبوە لە بونیادەوە، هەرچەندە ئێستا رێگە چارەی زانستی هەیە بەشێوەی هێنانی هێلکە لەکەسێکی ترەوە لە رەحمی ئافرەتێکی تر دادەنرێت یاخود دەیچێنن.

> ئافرەتانێک منداڵیان نابێت هی ئەوەیە هێلکەدان یان منداڵدانیان دروست نەبوە

*** بەگشتی دو رێگا هەیە بۆ هاتنە دونیای منداڵ، ئەوانیش رێگەی سروشتیی و ئەوەکەی تریش نەشتەرگەرییە، ئێوە لەبارەی ئەم دو رێگەیەوە چی دەڵێن؟**

گەر لەروی زانستیەوە باس بکرێت ئەوا منداڵبون بەسروشتی باشترە لە نەشتەرگەری، ئەو بیانوانەی کەدەبنە هۆکاری منداڵبون بەنەشتەرگەری زۆرکەمن و لەوەزارەتی تەندروستی عێراق و هەرێمی کوردستان دیاری کراون. ئەو کەسانەی کەلە نەخۆشخانە حکومیەکان دا نەشتەرگەرییان بۆدەکرێت ئەوا دەبێت ئەو هۆکارانەیان تێدابێت، ئەگەر دایکێک ئارەزوی کرد بەنەشتەرگەری منداڵی ببێت ئەوا بەخواستی خۆی نییە، بەڵکو بە بڕیاری پزیشکان و بە رەچاوکردنی حاڵەکەیەتی، ئەگەریش هەر سوربو لەسەر ئەنجامدانی نەشتەرگەری، ئەوا دەبێت لەنەخۆشخانە تایبەتیەکان ئەنجامی بدات.

*** ئەو هۆکار و بیانوانە چییە کەباستکرد بۆ لەدایکبونی منداڵ بەرێگەی نەشتەرگەریی؟ واتا پزیشکان لە چ کاتێکدا بڕیار دەدەن منداڵ بە سروشتیی لەدایک بێت یان بە نەشتەرگەریی؟**

ئەو بڕیارەی کەدەدرێت دەچێتە دو بابەتەوە، بابەتی یەکەم: (نەشتەرگەری سارده)، بۆ نمونە لەم حاڵەتەدا ئەو دایکانەی دو یان سێ یان چوار نەشتەرگەریان کردوە یان ئەو دایکانەی منداڵیان بەبلوری بوە ماوەیەکی زۆر ئەو کێشانەیان هەیە، ئەوانە دەبێت لەلایەن لیژنەی نەخۆشخانەوە ببینرێت لە جارێک یان زیاتر لەتەمەنێکی دیاری کراو لەدوای بڕیاری لیژنەکە نەشتەرگەریان بۆ دەکرێت.

دوەم: ئەوانەی کەپێویستی بەنەشتەرگەری کوتوپڕهەیە، بەنمونە ئافرەتێک منداڵی دەبێت کێشەی نەبێت ئەوا دەخرێتە منداڵبونی سروشتیەوە تا کۆتاجار دوای هەوڵدانێکی تەواوەتی تائەو کاتەی ناتوانێت منداڵەکەی ببێت ئەوا دەگوازرێتەوە بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری کوتوپڕ کەئەمەش دەکەوێتە سەر پزیشکی ئێشکگری ئەو رۆژە .

***ئایا تەمەنی دایک هیچ کاریگەری هەیە بۆ پرۆسەی منداڵ بون؟ واتا پشت بە تەمەنی دایکەکە دەبەسترێت لە دیاریکردنی ئەو رێگەیەی منداڵەکەی پێ لەدایک دەبێت یان لەدایکبونی منداڵ بەشێوەیەکی دروست؟**

تەمەن تاڕادەیەک رۆڵی هەیە لەدایکبونی منداڵ بەشێوەی دروست و تەندروست، واتا بۆنمونە ئەگەر دایکێک با تەمەنی چل ساڵ بێت کە نۆ مانگی خۆی تەواو کردبێت ولەپشکنینەکاندا هیچ کێشەی نەبێت دەتوانێت منداڵەکەی بەسروشتی بێتە دونیاوە ئەگەر هیچ کێشەیەکی تری لەگەڵ نەبێت، هەندێکجاریش کۆمەڵێک هۆکار کۆدەبنەوە لەدایکێکدا بۆ بڕیاردان لەنەشتەرگەری، ئەگەر ئافرەتێک تەمەنی بەرەو گەورەیی بڕوات، لەوانەیە هەندێک کاریگەری هەبێت لەسەر ماوەی سکپڕیەکەی جگەلەماوەی منداڵبونەکەی.



---

# ئەو وەرزشانەی دەبێت دوای منداڵبون ژنان بیکەن

■ نەوژین

**لەپاش منداڵبون وەرزشکردن بەسودە بۆ لایەنی جەستەیی و دەرونیی دایکەکە بەتاییەت لەرۆژەکانی یەکەمی پاش منداڵبونی، ئەمەش لەپێناو بەهێزکردنی ماسولکەکانی سک و توندکردنەوەی ناو قەد. بۆ ئەوەی فشارێکی زۆریش نەیەتە سەریان، ژنان دەتوانن لەپاش منداڵبون دەست بکەن بەوەرزشکردنێکی مامناوەند.**

بەگشتی پێویستە ئەو وەرزشانەی ژنان دەیکەن، یەکەمجار دەبێت هەر وەرزشێک پێنج جار دوبارە بکرێتەوە رۆژی دو جار، دواتر بەپێی توانا دەتوانرێت زیاتر بکرێت.

بو ئەو دایکانەی دەیانەوێت کێشی خۆیان دابەزێنن شیری سروشتی دەدەن بە کۆرپەکانیان ئەم وەرزشانە بکەن هیچ کار ناکاتە سەر شیردان، هەروەها دەبێتە هۆی زوتر دابەزاندنی کێشی لەشیان وەک دەزانین دایکان بەهۆی منداڵ و کاروباری ماڵ کاتیان کەمە و ناتوانن وەرزش ئەنجام بدەن دەتوانن بەس کۆرپەکانیان بگرنە ئامێزو پیاسە بکەن.

بەڵام ئەو کەسانەی بە نەشتەرگەری منداڵیان دەبێت لەژێر رێنمای کەسی پسپۆڕن، وەرزشی سک ناکەن تا ٤ هەفتە پاش منداڵبون، بەڵکو دەتوانن پیاسە بکەن سودی زوری لێ دەبینن. ئەگەر هاتو دایکان هەستیان بە ئازاری زۆر کرد لە کاتی وەرزش کردن، دەبێت بوەستن لە وەرزشکردن و پشو بدەن.

بەگشتی ئەو وەرزشانەی کە پێویستە ژنان دوای منداڵبون بیکەن، ئەمانەن:


**١. هەناسەدان بەسک:** ئەمە یەکێکە لە وەرزشە سادەکان، دەتوانرێت لە یەکەم رۆژی دوای منداڵبونەوە ئەنجام بدرێت. بەوشێوەیەی لە وێنەی ژمارە ١ دا دیارە دایکەکە لەسەر پشت پاڵ بکەوێت و ئەژنۆی چەماوە بێت، دەستی لەسەر سکی بێت، بەلوت دەست بکات بە هەناسە دان لەگەڵ هەناسەدان قەفەزەی سنگی جێگیر بکات و سکی فراوان بکات و هەناسە وەربگرێت، پاشان ماسولکەکانی سکی کرژ بکاتەوەو بە دەم هەناسە بداتەوە.

**٢. بەرزکردنەوەی سەر:** ئەم وەرزشە دەتوانرێت چەند رۆژێک پاش منداڵبون ئەنجام بدرێت وەک لە وێنەی ژمارە ٢ دا دیارە، دایکەکە لەسەر پشت پاڵ بکەوێت و ئەژنۆی چەماوە بێت و دەستی درێژ کردبێت بەرەو لەشی خۆی، بە قوڵی دەست بکات بە هەناسە دان، پاشان لەگەڵ هەناسەدانەوە سەر بەرز بکاتەوە.

**٣. بەرزکردنەوەی شان و سەر:** لەگەڵ بەرزکردنەوەی سەر دەتوانرێت شان و دەست بەرز بکرێتەوە وەک لە وێنەی ژمارە ٣ دا دیارە، بەهەمان شێوە دایکەکە لەسەر پشت پاڵ بکەوێت و ئەژنۆی چەماوە بێت و دەستی درێژ بێت بەرەو لەشی خۆی، سەر و شانی بەرز بکاتەوە تا دەگاتە ئاستی پشتی کەمەری بە جێگری بمێنێتەوە.

**٤. لولکردنی قاچ و ئەژنۆ:** ئەمە باشترین وەرزشە بو توندکردنەوەی کەمەر وەک لە وێنەی ژمارە ٤ دا دیارە، دایکەکە پاڵ بکەوێت لەسەر پشت و ئەژنۆی چەماوە بێت بەیەکەوەی بنوسێنێت، دەستی درێژ بێت بەرەو دەرەوەی لەشی خۆی، شان و سەری جێگیر بکات، پاشان هەردو ئەژنۆی بەیەکەوە بجولێنێت بەلای راست و چەپی تا ئەژنۆی بەر تەختایەکە دەکەوێت.

**٥. وەرزشکردن بەسنگ:** ئەمە باشترین وەرزشە بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکانی سنگ وەک لە وێنەی ژمارە ٥ دیارە دایکەکە لەسەر پشت پاڵبکەوێت، ئەژنۆی چەماوە بێت دەستی درێژ کردبێت بەرەو دەرەوەی لەشی خۆی، هەردو دەستی بنوسێنێت لەسەرو ئاستی سنگی هەتاوەکو ماسولکەکانی سنگی کرژ ببێت، چەند چرکەیەک بوەستێت بەم شێوەیە، پاشان دەستی لەیەک جیا بکاتەوەو وەرزشەکە دوبارە بکاتەوە.




> وەرزشکردن بەسودە بۆ بەهێزکردنی ماسولکەکانی سک و توندکردنەوەی ناو قەد

# بۆچی ڕەوشی ژنانی کوردستان باشترە لە وڵاتانی عەرەبی؟



■ نەوژین

**کوردستانی عێراق وەکو نمونەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا تەماشا دەکرێت لەروی تێکەڵبون و بەشداری ژنان لە کایەی سیاسیی دا، بەشێوەیەک کەلە پارلەمان دا ڕێژەیان دەگاتە ٣٠٪. ئەمەش لەرێگەی تێکۆشانێکی سەختەوە بەدەستیان هێناوە تاگەشتون بەم ئاستە، سەرباری ئەوەش هێشتا روبەروی ئاستەنگ و کێشە دەبنەوە.**

## ژمارەی ژنان لە پارلەمانی کوردستان دا

لەپارلەمانی کوردستاندا پشت بە بنەمای «کۆتا» دەبەسترێت بۆ ژنان، واتا ڕێژەی ٣٠٪ی کورسیەکان تەرخانکراون بۆ ژنان. ئەم ڕێژەیەش لەرێگەی یاساوە لەساڵی ٢٠٠٩ دا چەسپێنرا لەکاتێکدا لە خولی پێشوی پارلەماندا ڕێژەکە ٢٥٪ بو. لەدواین هەڵبژاردنی پارلەمانی دا، ژنانی کوردستان توانیان ٣٤ کورسی پارلەمانیی بەدەست بێنن لەکۆی ١١١ کورسی.

ژنانی هەڵبژێردراو، هۆکاری سەرکەوتنیان بۆ کۆمەڵێک فاکتەر دەگێڕنەوە، لەوانەش: فشاری کۆمەڵی مەدەنی بۆ چەسپاندنی مافەکانی ژنان، تێڕوانینی سەرکردەکانی کورد بۆ ژنان کەپێیانوایە هاوشانی پیاوان روبەروی ستەمی رژێمی (سەدام حسێن) بونەتەوە، هەروەها بەشێک لەهۆکارەکانیش پەیوەندی هەیە بە بەرزکردنەوەی پێوەرەکانی کاری سیاسیی لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە بۆ ئەوەی ببنە جێ سەرەنجی وڵاتانی رۆژئاواو قەناعەتیان پێبێنن کە کوردستان ئامادەیە بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ.

## چۆن کار بە سیستەمی کۆتا دەکرێت؟

ژنانی پاڵێوراو لەرێگەی ئەو دەنگەی کە دەنگدەر لەیەک کاتدا بە لیست و پاڵێوراوەکەی دەیدات، دەگەن بە پارلەمان، ئەگەریش ژمارەی ژنە کاندیدە دەرچوەکان نەگەشتە ٣٠٪ی کۆی ئەندامانی پارلەمان، ئەوا پەنا بۆ سیستەمی کۆتا دەبرێت بەپشت بەستن بەو دەنگەی کە لیستەکە بەدەستی هێناوە، هەربۆیە حزب و قەوارەکان راهاتون کە لە ئامادەکردنی لیستەکانیاندا رەچاوی ئەوە بکەن کە لەبەرامبەر هەر دو کاندیدی پیاو، کاندیدێکی ژنیش دابنێن.

لەدواین هەڵبژاردن دا، ١٣ ژن بە دەنگی خۆیان گەیشتنە پارلەمان، ئەوانی دیکە لەرێگەی سیستەمی کۆتاوە کورسیی پارلەمانییان بەدەستهێنا.

## بەراوردی ژن لە کایەی سیاسییدا لە هەرێم و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئەگەر رێژەی بەشداریی ژنان لەکایەی سیاسیی دا لە کوردستان بەراورد بکەین بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەبینین کە رەوشەکە لە کوردستان باشترە، چونکە لەساڵی ٢٠١٣ دا رێژەی بەشداریی ژنان بەتێکڕا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ١٦٪ بو. لەنێو هەمو وڵاتانی ئەم ناوچەیەش، تەنها (جەزائیر) توانیویەتی پێش هەرێمی کوردستان بکەوێت لە زۆری رێژەی بەشداریی ژنان، چونکە رێژەکە لەو وڵاتە ٣٢٪ بوە، ئەویش بەهۆی سیستەمی کۆتاوە کە لەو وڵاتەشدا گیراوەتە بەر.

بۆ رێککردنەوەو هاوسەنگکردنی بەشداری ژنان، زۆرێک لەو وڵاتانی عەرەبیی پەنایان بۆ سیستەمی کۆتا بردوە، لەوانە: (تونس، لیبیا و عێراق)، ئەمیش بەو ئامانجەی رێژەی بەشداریی ژنان لەکایەی سیاسیی بگەیەنن بە ٢٥٪.

بەبێ سیستەمی کۆتا، باشترین رێژە کە لەناو ئەو وڵاتانەدا ژنان بەدەستیان هێنابێت، لە (سوریا) بوە کەرێژەی بەشداریەکە گەیشتوەتە ١٢٪، لەکاتێکدا لە (لوبنان)ی دراوسێی دا لەکۆی ١٢٨ کورسی پارلەمانیی، ژنان توانییان تەنها بە ٤ دانەیان بگەن.

## ژنانی کوردستان چۆن بەم ئاستە گەیشتن؟

لێرەدا و بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، پشت بە ئەزمون و سەربوردەی سێ ژنە پارلەمانتار لە سێ لیست و قەوارەی جیاواز دەبەستین.

سەرباری لەدایکبونی لە گوندێکی بچوک و لەنێو خێزانێکی جوتیاری گوندنشین، بەڵام (رێواز فایەق حسێن) توانی بگات بە پۆستی پارلەمانتاری، ئەمەش دوای ئەوەی تێکەڵ بەکاری رێکخراوەیی خوێندکاریی بو و دواتریش چوە نێو کاری تایبەتمەند بە ژنانەوە لەرێگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە.

(رێواز) پێش پارلەمانتاریی، مامۆستای زانکۆ بوە لەبەشی یاسا، پاش ئەوەی هاوسەرەکەی کە پارلەمانتاری خولی پێشو بوە، هانیداوە بۆ بەشدارییکردن لەکێبڕکێی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن بۆ پارلەمان، ئەوەبو بەدەنگی خۆی و بەبێ کۆتا، توانی ببێتە پارلەمانتار.

بەڵام هاوڕێکەی (رێواز) لە لیستی پارتی دموکراتی کوردستان (ڤالا فەرید ئیبراهیم)، توانی لەرێگەی سیستەمی کۆتاوە ببێت بە پارلەمانتار. ئەو کە دکتۆرای لە یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتیی دا هەیە، باسلەوەدەکات کە حزبەکەی داوای لێکردوە خۆی بۆ پارلەمان کاندید بکات، بەهۆی ئەو ئەزمون و بڕوانامەیەکی کەهەیەتی.

هەرچی (پەروا عەلی حەمە)یە، لەخێزانێکی ئاسایی دا پێگەیشتوەو خاوەنی ئەزمونێکی ئەکادیمی باشە، ئەمەش وایکرد کە دەنگدەرەکان دەنگی خۆیانی پێبدەن و لەسەر لیستی (بزوتنەوەی گۆڕان) بگات بە پارلەمانی کوردستان.

## ئەو ئاستەنگانە چین روبەرویان بوەتەوە؟

رێواز، لەوبارەوە دەڵێت: «هەندێک لە ناسیاوەکانمان بە باوکمیان دەوت چۆن رێگە بە چونە دەرەوەی کچەکەت دەدەین و چۆن دەهێڵی لەسەر تەلەفزیۆن دەرکەوێت؟» بەڵام باوکی گوێی بەو قسانە نەداوە.

(ڤالا)ش دەڵێت: «لە کاتی هەڵمەتەکانی بانگەشەدا بۆمان سەخت بو کەبڕۆینە دەرەوەو لەگەڵ کەسانی نەناس دا گفتوگۆ بکەین، بەڵام سەرەنجام توانیمان ئەو سەختیانە تێپەڕێنین».

(پەروا)ش ئاماژەی بەوەکرد کە ژمارەی ژنانی پارلەمانتار لە لیستە جیاوازەکان زۆر بون کاتێک رەدیانکردەوە دەنگ بە کابینەی حکومەت بدەن بەوهۆیەی کە تەنها یەک ژنە وەزیری لەخۆ گرتبو، ئەگەرچی حزبەکەی خۆی (گۆڕان) لەگەڵ کابینەکەدا بو، بەڵام «من دەنگم پێ نەدا».

## رای پیاوان چییە؟

پەروا، دەڵێت: «زۆرینەی پیاوان رایانوایە کە لەپارلەماندا شوێنێک نیە بۆ ئێمە، پێشیانوایە کەئێمە گونجاو نین بۆ کاری پارلەمانیی».

بەڵام کاتێک پرسیارمان لەبارەی بەشداریی ژنان لەکاری پارلەمانیی لە (رێبین)ی ٢٤ ساڵ کرد کە پیشەی ئەندازیارە، وەها وەڵامی دایەوە کە «هەندێک لە ژنان بۆ ئەوکارە دەستنادەن چونکە عاتیفین، بەڵام هەندێکی تریشیان گونجاون».

بەڵام شۆفێری تەکسیەکی پەنجا ساڵە، پێیوابو کە ژنان هەمان توانای پیاوانیان هەیە، تەنها ئەوە خەمی بو کە «ئەی کێ گرنگیی بەمناڵەکان بدات؟».

سان ساراڤان، چالاکوانی رێکخراوەکانی داکۆکی لە ژنان، بۆچونێکی رەشبینانەی هەیە لەبارەی ئەم پرسەوە. ئەو دەڵێت: «لەکوردستان دا ژنان بۆ ئەوەی بچنە کایەی سیاسییەوە هیچ بژاردەیەکی دیکەیان نیە جگە لەوەی ببن بە پیاو، ئەوان هیچ نین جگە لە لەیستۆکەیەک کە بە ئاسانی یارییان پێبکرێت، چونکە لە کۆمەڵگاکەماندا نرخی مرۆڤ بەگشتی زۆر کەمە بەتایبەت ژنان».

وتیشی: «چاوەڕێی گۆڕانکاریەکی ئەوتۆ ناکەم، هەتا ئەو تێڕوانینە بەردەوام بێت کە وا لە ژنان دەڕوانێت کە یان دەبنە مایەی شانازیی بۆ خێزانەکانیان، یان ئەوەیە دەبنە مایەی شەرم و عار».

ئامادەکردنی:
دلڤین دارمنسی — کۆنستانس دیلوار
سەرچاوە:
www.raseef22.com

---

# گەنجترین کچە براوەی نۆبڵ

■ نەوژین
**ئامادەکردنی: ئاسیا حسێن**

**(مەلالە یوسفزی)، چالاکوانێکی پاکستانیە لە بواری خوێندن و فێرکاری ئافرەتاندا. لەساتەوەختی هێرشەکانی تاڵیبان بۆ سەر پاکستان، مەلالە بە شێوازێکی سەیر رزگاری بو لە مردن و پاش ئەوەی کە چیرۆکی ژیانی خۆی نوسیەوە بۆ کەناڵی BBC، لەساڵ ٢٠١٤ دا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێ بەخشرا.**

(مەلالە)، لەدایکبوی ساڵی (١٩٩٧)ی زاینییە لە ناوچەی (وادی سوات)ی باکوری پاکستان. باوکی مەلالە (ضیاء الدین یوسفزی) سیاسەتمەدار و شاعیرێکی بەناوبانگە و دامەزرێنەری چەند قوتابخانەیەکە لە ناوچەکە. مەلالە لەسەر دەستی باوکی قۆناغەکانی خوێندنی بڕیوە، پاشان بۆ درێژە دان بە خوێندن روی لە بەریتانیا کرد. ئێستا مەلالە لە بواری (فەلسەفە و زانستە سیاسیەکان) درێژە بە خوێندنەکەی دەدات.

یەکەمین چالاکی مەلالە رەخنەگرتن بو لە بزوتنەوە هێرشبەرەکانی تاڵیبان، دەیوت: «تاڵیبان چۆن دەتوانێت من بێبەش بکات لە خوێندن کە سەرەکیترین مافی خۆمە؟» ئەم قسەی مەلالە بو بە سەردێڕی هەمو رۆژنامەکانی ناوچەکە.

لە ساڵی (٢٠٠٩) دا، (مەلالە) بانگهێشتی کەناڵیBBC کرا و لەوێدا باسی لە حاڵ و گوزەرانی پاکستان کرد لە ژێر هێرشەکانی تاڵیباندا، چۆن قوتابخانە و ناوەندەکانی خوێندن دەسوتێنن و منداڵەکانی ئەو ناوچە بێبەش دەبن لە خوێندن. لە ساڵی (٢٠١٢)دا، دوای بەردەوامبونی لە دژایەتییکردنی بزوتنەوەکانی تاڵیبان، لەکاتی گەڕانەوەی لە قوتابخانە (مەلالە) بەر هێرشی چەکدارەکانی تالیبان کەوت و برینێکی زۆریان لەسەری بە جێهێشت. لەو هێرشەدا (مەلالە) گوێی ڕاستی لەدەست دا و بەشێک لە دەمارەکانی مێشکی بەتەواوەتی لەکار وەستا. پاش ئەوەی لە بەریتانیا نەشتەرگەری بۆ کرا دوبارە سەلامەتی بەدەست هێنایەوە.

زۆری نەخایاند کە مەلالە وەکو (سومبولی ئاشتی و پاراستنی مافی ئافرەتان بەتایبەت مافی درێژەدان بە خوێندن) ناسرا. لەساڵی (٢٠١٣)دا بانگهێشت کرا بۆ کۆشکی سپی، بەمەش ناوبانگێکی جیهانی بەدەستهێنا. هەر لەو ساڵەدا و لە ئەمریکا، ( مەلالە) یەکەمین وتاری جیهانی خۆی پێشکەشکرد سەبارەت بە (مافی خوێندن و فێربونی ئافرەتان)، بەمەش بو بە جێگای سەرنجی میدیا ئەوروپی و ئەمریکییەکان.

لەساڵی (٢٠١٣)دا، یەکەمین کتێبی (مەلالە) چاپ بو لە ژێر ناونیشانی (من مەلالەم)، کە تێیدا باس لە یادەوەریەکانی ژیانی خۆی دەکات. کتێبەکەی (مەلالە) هەر لە ساڵی چاپ بونیدا ٢٨٧ هەزار دانەی لێ فرۆشرا.



**مەلالە لەگەڵ چەند کچە ئاوارەیەک لە یاریگایەکی هەولێر ٢٠١٧/٧/١٢**

لە هەڵوێستە گرنگەکانی (مەلالە)، وەڵامدانەوەی بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا (دۆناڵد ترەمپ) بو دژ بە هاتنی مسوڵمانەکان بۆ ئەمریکا. (مەلالە) لەبارەی ئەو بڕیارەوە وتی: «ئەم بڕیارە پڕە لە رق و دوژمنایەتیی، دوابەدوای ئەم بڕیارە ژمارەی تیرۆرستەکانی ئەمریکا زیاد دەکات، نەک کەم».

(مەلالە) لە تەمەنێکی کەمدا توانی چەندین خەڵاتی جیهانی بەدەست بهێنێت کە بەرزترینیان خەڵاتی (نۆبڵی ئاشتی) بو لە ساڵی ٢٠١٤. پاشان بە گەنجترین براوەی خەڵاتی نۆبڵ ناوبانگی دەرکرد. لە ساڵی (٢٠١٧)دا، (مەلالە) لەگەڵ رێکخراوە جیاوازەکانی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەنێرێتە دەرەوە، بۆ هاندانی ئافرەتان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتی و هاندانی ئافرەتان بۆ درێژە دان بە خوێندن. هەفتەی پێشوش بۆ ئەم مەبەستە سەردانی هەولێری کرد.

---


## دەربارەی نەوژین

نەوژین، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایەن رادیۆی دەنگ لە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.

رادیۆی دەنگ، پرۆژەیەکی میدیایی سەربەخۆیە لە ناوچەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)وە بە پەخشی رادیۆیەکی لۆکاڵی دەستی پێکردوەو پاشان وێبسایتێکی داناوە.

رۆژنامەی (نەوژین) یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەی رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) ئەمریکی.

رۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەیەکی رادیۆی دەنگ کە لەلایەن سندوقەکەوە پاڵپشتیی دەکرێت.

رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچن کەپێشتر خولێکی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.



بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە:
تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com
فەیسبوک:
nawzhinnewspaper


دەتوانن لەماڵپەری رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن
www.radiodang.org

# 4 ژن لەکەلار هەفتەبازاڕێک بەڕێوەدەبەن

■ نەوژین، دونیا رەحیم

**هەمو ئەو دوکان و فرۆشگایانەی لە گەرمیاندا هەن، بەزۆرینەی رەها پیاوان بەڕێوەی دەبەن، بەڵام هەفتەبازاڕێک بەپێچەوانەوە ستافەکەی لە رەگەزی مێن و بەشێوەیەکی باش کاروبارەکانی رایی دەکەن و دەیبەنە پێشەوە.**

لەگەڕەکی ئاوارەکانی شاری کەلار، چەند مانگێکە هەفتەبازاڕێک تایبەت بە فرۆشتنی کەلوپەل و کوتاڵی ژنان کراوەتەوە، بەناوی «هەفتەبازاڕی خانمان». ئەم فرۆشگایە لەلایەن پیاوێکەوە خاوەندارێتی دەکرێت، بەڵام کاروباری بردنەڕێوەی لەلایەن ٤ ژنەوە جێبەجێ دەکرێت.

سارا، ٢١ ساڵ، یەکێکە لەو کچانەی لە هەفتەبازاڕە دا کاردەکات. بۆ (نەوژین) وتی: «من خویندکاری زانکۆم، هەربۆیەو بۆ دابینکردنی خەرجی خوێندن و گوزەرانی خۆم، لەم هەفتەبازاڕە دا دەستبەکار بون، ئێستا رۆژانە لێرەدا کاردەکەم و زۆریش بەکارەکەم ئاسودەم».

ئاماژەی بەوەشکرد «پێشتر کاری دیکەم کردوە، بەڵام چەند مانگێکە لێرە دەستبەکار بوم، ئەو موچەیەش کە لەکارکردنەکەم وەری دەگرم، پێداویستی ژیانم دابین دەکات».

بەگشتی ئەو ژنانەی کەلە هەفتەبازاڕەکەدا کاردەکەن، ئاسودەیی خۆیان بەکارەکەیان دەردەبڕن، ئاماژە بەوەشدەکەن کە سەردانکەران و کڕیارانیش بەهەمانشێوە بەبونی شوێنێکی وەها ئاسودەن.

ئیمان عەلی، کارمەندێکی دیکەی هەفتەبازاڕەکەیە، بۆ (نەوژین) وتی: «ئاسودەم لەکارکردنم، چونکە ئەو موچەیەی لەپای ئیشکردنمان وەریدەگرین گوزەرانمانی پێ دابین دەکەین، ئەوەش زیاتر خۆشحاڵمان دەکات ئەوەیە ژنانیش کە سەردانمان دەکەن، بەهەمانشێوە خۆشحاڵن کە چەند ژنێک فرۆشگایەک بەڕێوەدەبەن».

لەم هەفتەبازاڕەدا، بەزۆری کوتاڵ و هەندێک جلوبەرگی ئافرەتان دەفرۆشرێت، خاوەنەکەشی باسلەوەدەکات کە ئەگەر بۆیان بگونجێت دەیانەوێت پرۆژەکە پەرە پێبدەن.

شێرزاد عیماد، خاوەنی هەفتەبازاڕەکە، بە (نەوژین)ی وت: «ئافرەت زۆر بەکەمی لەگەرمیان دا کاردەکەن، بۆیە بڕیارمان دا هەفتەبازاڕێک بکەینەوە کە تەنها ئافرەتان کاری تێدا بکەن، ئەمەش کاردانەوەی باشی لێکەوتوەتەوەو بەگشتی ئەوانەی سەردانمان دەکەن زۆر دەستخۆشیمان لێدەکەن».

ئاماژەی بەوەشکرد «ئەمانەوێت پرۆژەکەمان گەورەتر بکەین لەداهاتو دا».

بەشێکی بەرچاو لەو ژنانەی سەردانی ئەم هەفتەبازاڕە دەکەن، لەنەتەوەی عەرەبن، بۆ ئەم مەبەستەش خانمێک دانراوە کە بەعەرەبی قسە بکات و خواستی کڕیارانی عەرەب راپەڕێنێت، ئەو خانمەش (وەزیرە مستەفا)یە.

وەزیرە، بۆ (نەوژین) وتی: «خەڵکێک کەسەردانی ئێمە دەکەن زۆر مورتاحن کە ئەبینن ئێمە ئافرەتین لەگەڵیان مامەڵە ئەکەین و دەست خۆشیمان لێدەکەن».

ئەو ژنە سەرباری کارکردن لە هەفتەبازاڕەکەدا، هاوکات هەندێکجاریش کاری درومان «خەیاتی» بۆ ژنان رادەپەڕێنێت. وتی: «هەندێک جار کڕیارەکان قوماش لێرە دەکڕن و من بۆیان ئەدورم».

ئەو خاڵەی لەکارکردنی ژنان دا زۆر مایەی نیگەرانی و ترسە، قسەو توانجی خەڵکە، هەرئەمەشە وایکردوە ژنان کەمتر رو لەکارکردن لەکەرتی تایبەت بکەن یان سڵ لەو بوارە بکەنەوە، بەڵام کرێکارانی هەفتەبازاڕی «خانمان» بەتێکڕا بڕیاریانداوە چارەنوسی ئیشکردن و گوزەرانی خۆیان، نەدەنە دەست قسەو قسەڵۆکی خەڵکییەوە.

لەوبارەوە (وەزیرە) وتی: «هەرچەند ناتوانین گوێ بەقسەی خەڵکی نەدەین، بەڵام بڕیارمانداوە کە نەهێڵین ئەو قسەوقسەڵۆکانە کار بکەنە سەر ژیانمان، بەشێوەیەک کە وابکەن لەکارکردن ساردمان بکەنەوە یاخود واز لەکارکردن بێنین».

هەندێکجاریش هەر لەترسی قسەی خەڵکی، خێزانەکان رێگە بە کچەکانیان نادەن کار بکەن، بەڵام وەک کرێکارانی هەفتەبازاڕەکە ئاماژەیان بۆ کرد، بەپێچەوانەوە خێزانەکانیان پشتگیرییان دەکەن.

ئیمان، لەوبارەوە وتی: «هیچ کەسێک لەخێزانەکەم نەبونەتە رێگر لەبەردەم کارکردنم، بەڵکو بەپێچەوانەوە پشتیان گرتوم و هاوکاریان کردوم».

(سارا)ش وتی: «خێزانەکەم و هاوڕێکانم هانیان داوم بۆ ئەوەی بەردەوام بم و لەسەرپێیەکانی خۆم بوەستم».

وتیشی: «ئومێدیشم هەیە کە پاش تەواوکردنی خوێندنی زانکۆ، ببم بەخاوەنی کاری سەربەخۆی خۆم».








# کچە یاریزانەکەی دەربەندیخان

■ نەوژین، ئەحمەد حەمید

**خەیاڵ، کچێکی دانیشتوی قەزای دەربەندیخانەو یەکێکە لەو کچانەی توانیویەتی پەرە بەتواناکانی بدات و لە رێگەی وەرزشەوە ببێتە ناوێک لە ناوە ناسراوەکانی شارەکەی.**

ئەو یاریزانی تۆپی بالەیە و زیاتر لە چوار ساڵە یاری بۆ یانەی دەربەندیخان دەکات و بەردەوام یەکێکە لەو یاریزانانەی راهێنەر و هاندەرانی یانەکە بە گەشبینیەوە لە ئاستی دەروانن.

خەیاڵ حەمە، تەمەن ٢٠ ساڵ، دەستپێک و سەرەتای تێکەڵبونی بە جیهانی وەرزش و پەرەدان بە توانا و حەزەکانی لەو بوارەدا، بۆ رۆژنامەی (نەوژین) گێڕایەوە.

وتی: «لە منالییەوە سەرقاڵی وەرزشم بە گشتی بەڵام بۆ ٤ ساڵ ئەچێت یاری بالە ئەکەم، لەگەڵ یاری بالەشدا یاری لەشجوانی (فیتنس) دەکەم».

ئەو باس لەو پشتگیرییە دەکات کەلەلایەن خێزانەکەیەوە بۆی دەکرێت کەوایکردوە لەپشت ئەو ئاست و سەرکەوتنانەوە بن کەپێی گەیشتوە «خێزانەکەم رۆڵێکی گەورەیان هەبوە لە سەرکەوتنەکان و لە گەشتن بەم ئاستەم هەمیشە هاوکارم بون».

لە رابردودا وەرزشکردنی کچان و بەشداریان لە چالاکیەکە وەرزشیەکان دا ئەگەر ئەستەم نەبوبێت ئەوا بەلانیکەمەوە قورس و زەحمەت بو، بەڵام لە ئێستادا کچان بەشداری کارایان هەیە لە چالاکیە جیاوازەکاندا، بەتایبەت لە سنوری گەرمیان و دەوروبەری، کە کچانی یاریزانی باش و ئاست بەرز خۆیان پێگەیاندوە.

خەیاڵ، پێیوایە هاتنە پێشەوەی کچان بۆ چالاکیە وەرزشیەکان زیادی کردوە و ئاماژە بەوە دەدات: «کچان زیاتر چاو کراوە بون و زیاتر لە ساڵانی پێشو وەرزش دەکەن و گرنگی بە خولیاکانیان دەدەن».

خەیاڵ، لەگەڵ ئەوەی سەرقاڵی وەرزشکردنە، خوێندکاری دوا قۆناغی ئامادەییە، باس لەوەشدەکات توانیویەتی هاوسەنگیەک لەنێوان خوێندن و وەرزش دا بێنێتە ئاراوە «وەرزش هیچ رێگرییەکی دروستنەکردوە لە کارەکانی ژیانم، بەڵکو زیاتر ئاسودەی کردوم و هۆکارێک بوە بۆ ئەوەی زیاتر متمانەم هەبێت بە خۆم لە هەر کارێک بمەوێت ئەنجامی بدەم».

بە هۆی ئاستە بەرزەکەیەوە، چەندینجار یانەکان هەوڵیان داوە، گرێبەستی لەگەڵ ئیمزا بکەن و سود لە تواناکانی وەربگرن، بەڵام خەیاڵ رەتی کردوەتەوە یانەکەی بە جێ بهێڵێ، لەم بارەیەوە دەڵێت: «یانەکان بۆندیان پێشکەش کردوم، بەڵام خۆم بە باشم زانیوە خزمەتی شارەکەم بکەم و لە یانەکەی خۆم دا بمێنمەوە، لە داهاتوش پلانی ترم هەیە».

ئەوکچە وەرزشکارە، گەشبینە بە بەشداری کچان لە کایە جیاوازەکاندا و دەڵێت: «بە پێی روانینی من، کچان گرنگییەکی زۆر بە وەرزش دەدەن جا چ لە یاری بالە بێت یاخود لەشجوانی و تۆپی پێ و یاریەکانی دیکەش».

بە هۆی قەیرانی داراییەوە تارادەیەک سستی بە زۆربەی چالاکیە وەرزشیەکانەوە دیارە بە تایبەتی وەرزشی کچان، بەشێوەیەک خەریکە کار دەکاتە سەر ئەو بەرەوپێشەوچونەی کەلەماوەی چەند ساڵی رابردودا کچان لە بواری وەرزش دا بەدییانهێناوە.

لەوبارەوە (خەیاڵ) دەڵێت: «تاکە گرفت ئەوەیە خولەکان زۆر کەم دەکرێنەوە، ئەوەش کاریگەریی لەسەر یاریزانان دروست دەکات».

> یانەکان بۆندیان پێشکەش کردوم، بەڵام بە باشم زانیوە خزمەتی شارەکەم بکەم

